# رێبەری
# داوای باری کەسێتی

ئامادەکردنی: دادوەر عمر ئەحمەد

# پێشەکی

پارێزەران بەشێکی گرنگ لە ئەندامی دەسەلاتی دادوەری پێك دێنن کە بە دادگای وەستاو ناسراوەو دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرز ڕاگرتنی دەسەلاتی دادوەری ئەمەش کاتێك دێتە دی پارێزەران توێژێنکی چالاك و هۆشیار بن و بەردەوام بە دوای زانیاری و بابەتی نوێ دا بگەرێن بۆ ئەوەی بتوانن وەك پێویست داکۆکی بکەن لەو کەیسانەی کە دەبنە بریکار تیایدا،ئەوەی جێی سەرنجە خوێندکاران و قوتابیان لە کۆلێژی یاسا وەك پێویست بەشێوەی پراکتیکی وانەکان ناخوێنن و زیاتر وانەکان تیۆرین ئەمەش گرفت بۆ ئەو دەرچوانە دروست دەکات کە دەست بە کاری پارێزەرایەتی دەکەن زانیاریەکی کەمیان هەیە لەسەر داواو ئەو ئیجرائاتانەی کە پەیوەندی بە دادگاوە هەیە لە ناویشیاندا داواکانی باری کەسێتی کە لایەنێکی گرنگی ئەو کێشانە لە خۆدەگرێت کە پەیوەندی بە خێزانەوە هەیە یاخود ئەو بەلگەنامانەی کە گرنگن بۆ تاك لە چوارچیوەی خێزاندا وەك گرێبەستی هاوسەری و بەلگەنامەی لە دایك بوون و مردن و دابەشنامەی شەرعی و بەلگەنامەی سپاردن کە زۆر جار بەهۆی کەم توانایی هەندێك لە پارێزەران لە جیاتی ئەوەی مافە زەوت کراوەکە بۆ بریگرتەکانیان بگەڕێننەوە داواکان دەدۆڕێنن و دەبنە هۆی مافی بریگرتەکانیان بفەوتێت هەروەها کێشەش بۆ دادگا دروست دەبێت چونکە زۆر جار بە هەڵە لائیحەی داوا دەنوسن کە ئەمەش وا دەکات ئەو داوایانە لە چەند جارێك زیاتر تۆمار بکرێنەوە بۆیە کردنەوەی خول و پرۆژە بۆ پارێزەران کارێکی زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ ئەوە پارێزەرانەی کە سەرەتان شارەزاییەکی ئەو تۆیان نیە لە بارەی داواو ئیجرائاتی دادگاوە هەر لەو ڕوەشەوە ئەم پرۆژەیەی کە ڕێکخراوی DHRD جێبەجێی دەکات جێی دەست خۆشیە دەتوانێت ئەم پرۆژانە تا ئەو کاتەی ڕەنگە پەیمانگایەکی تایبەت بە پیشەی پارێزەرێتی لەلایەن حوکمەتەوە یان سەندیکای پارێزەرانەوە دەکرێتەوە هاوکاریەکی باش بە توێژی پارێزەران بگەیەنێت.

یاسای باری کەسێتی لە ساڵی (1959)وە دەرچوە هەرچەندە تعدیلاتی تیا کراوە کە دوایەمین جار لەلایەن پارلەمانی هەرێمی کوردستانەوە بەلام تاکو ئێستاش وەك یاسایەك پێشکەوتو تر دەبینرێت بەبەراوورد لەگەڵ یاسای باری کەسێتی وولاتانی دەوروبەر هەرچەندە ئەم یاسایە زۆرترین بەندەکانی لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەرگیراوە بەلام بەندو حوکمەکانی لە مەزهەبە جیاوازەکانەوە وەرگرتوەو پشتی نەبەستوە بە تەنها مەزهەبێك و داب و نەریت و ئاستی گەشەسەندنی کۆمەلگای لە زۆر ڕووەوە بەهەند وەرگرتوە و ژنانیش لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا تا ڕادەیەك دەستەبەری مافەکانیان کراوە و ئەو کەم و کورتیانەشی کە تیای بوو لەم هەموار کردنەی پارلەمان لە هەریمی کوردستاندا چارەسەر کراوە تەنها ئەوەی مابێتەوە مەسەلەی فرە ژنیە کە بە داخەوە ئەم جارەش وەك خۆی مایەوەو نەتوانرا قەدەغە بکرێت هەرچەندە مەرجی توندی بۆ دانراوە بەلام ئەمە پێشێل کاریەکی گەورە دادەنرێت لەسەر مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان بە تایبەتی کە ئەمەش ئەو ئاماژەیە دەدات کە هێشتا لە هەندێك ڕووەو کۆمەلگای کوردی پەیوەستە بە داب و نەریتە کۆنەکان , بەلام دەتوانین بلێین کە یاساکە بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئێستای کۆمەلگای کوردی شیاوە کە زۆرینەی کۆمەلگاکەی پابەندن بە بنەماکانی ئیسلامەوە لە هەمان کاتدا هاوسەنگی ڕاگرتوە لە نێوان ماف و ئەرکی ئەندامانی خێزان کە هەر لە پێش لە دایك بوونەوە باسی لە پەیوەندیەکان کردوە تا دوای مردنیش کە ساوا کە هێشتا لە سکی دایکیایەتی ئەگەر باوکەکەی بمرێت ئەوا وەکو ئەوانی تر میراتی بەرئەکەوێت دوای لە دایکبوونیش

بابەتەکانی نەسەب و دایەنی و بەخێوکردن و خەرجی و هەمووی لە یاساکەدا ڕوون کراوەتەوە لە قۆناغی هاوسەرگیریشدا ئەو ئیلتزام و مافانەی کە لەسەر ژن و مێردن باسی لێوە کراوە، لەکاتی جیابوونەوەشیاندا هەر کەسێك بەپێی کەمتەرخەمی و پابەندنەبوونی بەگرێبەستی هاوسەرییەوە، ئیلتزامی زیاتری دەکەوێتە سەر، پاش مردنیش پێویستە دابەشنامەی شەرعی بۆ دەربکرێت و ئەو موڵك وماڵەی هەیەتی دابەشدەکرێت بەسەر میراتگرەکانیدا پاش ئەوەی ئەو قەرزانەی لێدەردەکرێت، کەلەژیانیدا بەسەری بووە، لەخۆگرتنی هەموو ئەو پەیوەندیانەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەیاساکە یاسایەکی گشتگیرە، کەمتر بواری بۆ ئیجتهاد هێشتووەتەوە.

## ئەرك و تایبەتمەندیەکانی دادگای باری کەسی

بەپێی مادەی (300)لە یاسای دادبینی شارستانی دادگای باری کەسی تایبەتمەندە بە بینینی ئەم داواو مامەڵانەی خوارەوە:-

1-هاوسەرگیری کردن و ئەوەی پەیوەندی پێوەیەتی وەکو مارەیی و خەرجی و ڕەچەڵەك و بەخێوکردن و جیابونەوە و تەلاق و سەرجەم ئەو بابەتانەی تر کە پەیوەستە بە هاوسەر گیریەوە.

2-بەخێوکاری(الولایە) و ڕاسپاردەیی و (وصایە)و بەکار هەڵسان( قیمومە)و ڕسپاردەو(وصیە)،وە دانانی قیم و راسپێرراو و کەنارگیر کردنیان و لێپێچینەوەیان و ڕێگە پێدانانیان بە رەفتاری شەرعی و یاسایی.

3-سەرکاری لەسەر راگیرکردن بۆ وەچە (التولیة علی الوقف الذری)وە دانانی سەرکار(المتولی)وە کەنار گیرکردنی و لێپێچینەوەی و پاڵاوتنی سەرکار بۆ ڕاگیری خیری یان هاوبەش (المتولی في الوقف الخیری أو المشترك).

4-حجر وە لابردنی و سەلماندنی هۆش و ژیری.

5-سەلماندنی مردن و نوسینەوەی میرات و دیاری کردنی بەشە میراتیەکان لە دابەشنامەی شرعی دا و دابەش کردنی بەسەر میراتگرەکاندا.

6-ووەن بوو ئەوەی پەیوەندی بەمەوە هەیە.

وە بە پێی ماوەی (301)لە هەمان یاسای سەرەوە:-

داداگای باری کەسی بەڵگەنامەی سپاردن و وقف و بەڵگەنامەکانی تر دەردەکات و رێکی دەخات وەتۆماریان دەکات بەپێی یاسا وە هەروەها پەسەندی ئەو بریکارنامانە دەکات کە پەیوەستە بەو داوایانە کە لەبەردەمیدا تۆمار دەکرێن.

وە بە پێی مادەی-302- لە یاسای ئاماژە پێ کراوی سەرەوە:-

دادگای باری کەسی تایبەتمەندە بە حوکم دەرکردن بە شێوەی بەپەلە بە بڕێوی کاتی و دیاری کردنی ئەمیندار لەسەر محضون کە کێشە لەسەر بەخێوکردنی هەبێت،وە ئەمیندار هەڵدەستێت بە چاودێری کردن و پارێزگاری کردنی،ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەگەر هۆکاری تریش بەدی کرا کە مەترسی لە پرو بە پەلە هەیە لەسەر داواکاری بژێوی وە یان لەسەر مانەوەی محضون لە لای بەخێوەکەرەکەی ،هەتا بڕیاری کۆتایی دەردەچێت لەسەر ناوەڕۆکی داواکە هەروەها دادگای ئاماژە پێ کراو تایبەتمەندە بەو کارو بارانەی کە بە پەلەن و دەکەوێتە بواری تایبەتمەدنی خۆیەوە.

## تایبەتمەندی شوێنی

بە پێی ماددەی(303)لە یاسای دادبینی شارستانی :-

داوای شەرعی تۆمار دەکرێت لە دادگای باری کەسی ئەو ناوچەیە کە داوا لەسەر کراو تیایدا نیشتەجێ یە ،بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ داوای هاوسەرگیری تۆمار بکرێ لەو دادگایە کە گرێبەندەکەی لە ناوچەی ئەودا کراوە،وەهەروەها دەشێ داوای جیابوونەوە و تەلاَق تۆمار بکرێ لە یەکێك لەو دوو دادگایە کە لە سنوری دا هۆکاری داواکەی تیا ڕوودواە.

وە لەم ماوەیە تێبینی ئەوە ئەکرێ کە ڕێسای گشتی ئەوەیە کە داوای باری کەسی لەو دادگاایە تۆمار دەکرێ کە داوا لەسەر کراو لە سنورەکەیدا نیشتەجێ یە.

وە ئەم ڕێسا گشتیە أستثنای تیایە ئەویش ئەوەیە کە دەشێ داوای هاوسەرگیری لەو داداگایە بکرێ کە گرێبەستەکەی تیا ئەنجام دراوە .وە هەروەها دەشێ داوای تەلاَق و جیابوونەوە لە یەکێك لەم دوو دادگایە ببینرێ کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە لە دادگای شوێنی کردنی گرێبەندەکە و دادگای شوێنی نیشتەجێ بوونی داوا لەسەرکراو).وە یان ئەو دادگایە کە لە سنورەکەیدا هۆکاری داواکەی تیادا ڕوودواە،(ناکۆکی خێزانی و دەستدرێژی کردنە سەر ژن).

وە بە پێی ماددەی(304)لە هەمان یاسای سەرەوە:-

داوای بژێوی ڕەچەڵەك و بنەچە(الاصول و الفروع)و ژن لە دادگای شوێنی نیشتەجێ بوونی داوا لەسەرکراو یان داواکار تۆمار دەکرێت ،بەلاَم داوای بژێویەکانی تر لە دادگای شوێنی نیشتەجێ بوونی داوا لەسەرکراو تۆمار دەکرێ،

وە بە پێی ماددەی(305)لە یاسای ئاماژە پێ کراوی سەرەوە:-

1-دادگای شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی کۆچکردوو تایبەتمەندە بە دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی ،وە دابەشنامەی شەرعی دەرکراو لە داداگای تر بەکارنایەت.

2-دادگای شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی کۆچکردوو و دادگای شوێنی میراتی تایبەتمەندی شوێنی تایبەتمەندە بە نووسینەوەی (تحریر)میراتی.

3-پاکتاوکردنی میراتی لە شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی کۆچکردوو ئەنجام ئەدرێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی دادگاکانی تر سەبارەت بەوە کە ماڵی تر هەبێت بەو پێ یەی کە لە یاسای چاودێری نامەکاندا هاتووە.

ڕێساکانی تایبەتمەندی شوێنی کە لە سەرەوە باس کرا تایبەتە بە داواو دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و تحریری میراتی ،بەلاَم بابەتەکانی تر کە دادگای باری کەسی تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی وەکو گرێبەندی هاوسەری و پەسەندکردنی و دەرکردنی بەڵگەنامەی ولایەو راسپاردەیی و راسپاردەو وقف و هتد تایبەتمەندی شوێنی نیە،بەلاَم پێویستە تێبینی ئەم خالاَنەی خوارەوە بکرێ.

1-ڕەزامەندی وەرگرتن بۆ هێنانی ژنی دووەم پێویستە لەو دادگایە بکرێ کە گرێبەندی هاوسەری یەکەمی دەرکردوە.

2-بە پێی ماددەی (97)لە یاسای سزادان کاتێك حوکم دراو بە زیندانی هەمیشەیی یان کاتی لە ڕۆژی دەرچونی حوکم بەسەریدا تا کۆتایی سزاکە ناتوانی ئیدارەی ماڵ و ملَکی بکات و تصرفی پێوە بکات وە کاتی(قیم)ی بۆ دادەنرێ لەلایەن دادگای باری کەسی،ئەو دادگایە تایبەتمەندە کە زیندانەکە دەکەوێتە سنوریەوە.

وه پێویسته سەرنج بدرێ که تەنها حوكم دراو بەسجن پێویسته (قیم)ی بۆ دابنرێ وه حوكم دراو به حبس پێویستی نیه وه دەتوانێ بریكار دابنێ بۆ ئیدارەی ماڵ و ملكی خۆی ئەگەر به هۆكارێكی تر رێگەی لێ نەگیرابێ له رەفتاركردن به ماڵ و ملكی.

3-راستكردنەوەی دابەشنامەی شەرعی وه یان پوچەڵ كردنەوەی به داوا بێت یان نوسینی پەراوێز لەسەر دابەشنامەكه كاتێ له نێوان میراتگرەكان كۆرپەله هەبوەو پاشان له دایك بووه وه پێویسته دووباره بەشه میراتیەكان دابەش بكرێت،وه بۆ ئەمه ئەو دادگایه پسپۆڕ و تایبەتمەندە که پێشتر دابەشنامەكەی دەركردوه.

4-راستكردنەوەی هەڵەی ماددی له بەڵگەنامه و بڕیاردا ئەو دادگایه پسپۆڕه که پێشتر دەری كردوه.

5-دەشێ داوای زیادكردنی بژێوی لەلایەن داددگایەكی تر ببینرێ واته جگه لەو دادگایەی که پێشتر بڕیارەكەی دەركردوه.

بۆ نموونه دادگای باری كەسی رانیه بڕیارێكی دەركردوه به بڕینەوەی بژێوی بۆ داواكار وه داوا لەسەركراوی هاوسەری دانیشتوی سلێمانیه.كاتێ داواكار داوای زیادكردنی بژێوی دەكات له دادگای باری كەسی له سلێمانی .داوالەسەر كراو بۆی نیه تمسك بكات به گواستنەوەی داواكه بۆ دادگای رانیه بەو أعتباره که بڕیاره ئەصلیەكه لەوێ دەرچوه،وه دادگای باری كەسی سلێمانی بۆی هەیه ئەم داوایه ببینێ چونكه دادگای شوێنی نیشتەجێ بوونی داوالەسەر كراوه.

6-جێبەجێ كردنی حوكمی دادگای بێگانه ئەگەر پەیوەندیشی هەبێت به باری كەسی ئەوه دادگای بەرایی تایبەتمەندە.

7-ئەگەر داوالەسەر كراو ویستی دەفع بكات بەگواستنەوەی داوا له دادگایەكەوه بۆ دادگایەكی تر بەو پێیە که ئەم دادگایەی داواكەی لا تۆماركراوه تایبەتمەندی شوێنی نیه پێویسته پێش ئەوەی قسه لەسەر ناوەڕۆكی داواكه بكات دفع بكات به تایبەتمەند نەبوونی دادگا له ڕووی شوێنی تایبەتمەندی دادگای باری كەسی له ڕووی شوێنی تایبەتمەندی دادگای باری كەسی له ڕووی كەسەكان.

**مادەی 2بڕگەی -أ- له یاسای باری كەسی:-**

(حوكمەكانی ئەم یاسایه بەسەر هەموو عراقیەكان جێبەجێ دەكرێ جگه لەوانەی که به یاسای تایبەت هەڵاوێردراون).

وه لێرەدا تایبەتمەندی له ڕووی كەسەكان ئەمانەی خوارەوه ئەگرێتەوه:-

1-موسڵمانه عێراقیەكان.

2-تایەفەی صابئه عێراقیەكان.

3-تایەفەی یەزیدیه عراقیەكان.

واته مسیحی و یەهودی ناگرێتەوه لەبەرئەوەی یاسای تایبەت به خۆیان هەیه وه دادگای بەرایی (محكمة الموارد الشخصية)تایبەتمەندە به بینینی داواكانیان.

4-موسڵمانی بێگانه ئەگەر یاسای باری كەسی جێبەجێ كراو له وڵاتی خۆیاندا أحكامی شریعەی ئیسلامی بوو نەك یاسای شارستانی.بۆ نموونه دادگای باری كەسی تایبەتمەندە به بینینی داوای موسڵمانی ئێرانی یان سوری یان ئوردنی ئەو داوایانەی که هەیانه وەكو هاوسەرگیری و تەڵاق و بژێوی و دەركردنی دابەشنامەی شەرعی.لەبەرئەوەی له ئێران و

سوریا و ئوردن أحکامی شەریعە جێبەجێ دەکرێ بەڵام دادگای بەرایی تایبەتمەندە بە بینینی داوای کەسی موسڵمانێکی ترکی چونکە لەوێ یاسای شارستانی جێبەجێ دەکرێ.

## ڕکەبەری-الخصوص-(اطراف الدعوی)

یەکێك لە مەرجەکانی قبوڵی داوا ئەو خەسڵەتەیە کە پێویستە لە هەر یەکێك لە داواکار و داوا لەسەرکراو و کەسی سێیەم دا هەبێت وە ئەو خەسڵەتە ناو دەبرێت بە ڕکەبەری(الخصومة) وە دەبێ هەر لایەنێك لە لایەنەکانی داوا یان ڕەسەن(أصیل)بێت وە یان بریکار وە یان وەلی یان ڕاسپێرراو (وصی) جا ئەم ڕاسپێرراوە هەڵبژێرراو بێت یان لە لایەن دادگاوە دانرابێت بەشێوەی هەمیشەیی وە یان ڕاسپێرراوێك بێت بۆ ڕکەبەرەکەی وە یان کاتی وە یان(قیم)کە بەسەر وون بوو و محجور دادەنرێ یان سەرکار لەسەر وقف.

وە لێرەدا پێویستە سەرنج بدرێتە ئەم تێبینیانەی خوارەوە:-

1. بریکارنامەی گشتی و تایبەت لەلایەن دادنووسەوە پەسەند دەکرێ وە هەروەها دەکرێ لەلایەن دادوەریش بریکارنامەی تایبەتی پەسەند بکرێ دوای تۆمارکردنی داوا بەڵام پێش تۆمارکردن ناشێ بۆ دادوەر بریکارنامەی تایبەت پەسەند بکات.
2. بریکاری گشتی ناتوانێ مافە کەسیە بحتەکانی بریگرتەکەی بەکاربهێنێ بێ ئەوەی بەتایبەت ڕێگەی پێ درابێ ،بۆ نمونە وەکو بەشودان ژن بۆ مارەکردن و ڕاگرتنی (وقف) ملك و ماڵ وە یان تەڵاق و مخالعة.
3. لایەنەکانی داوا بۆیان هەیە جگە لە پارێزەر خزمەکانیان تا پلە دوو دابنێن بە بریکار،وەك باوك و منداڵەکەی و دایك و منداڵەکەی خزمی پلە یەکی یەکترن وە خوشك و خوشك و برا و برا و خوشك و برا خزمی پلە دووی یەکترن.
4. ڕکەبەر ئەو کەسەیە کە کاتێ دان ئەنێ بە داوای ڕکەبەرەکەی حکم دروست دەبێ لەسەر دان پیانانەکەی .بەڵام هەندێ حاڵەت هەیە دان پیانانی ڕکەبەرەکە دروست نیە بەڵام نکوڵی کردنی دروستە لەگەڵ ئەوەدا کە بە ڕکەبەری یاسایی و شەرعی دادەنرێ وەکو سەرکاری وقف و ولی ناکام،وە کاتی داواکار دەستەوەستان بێت لە سەلماندنی داواکەی سوێند نادرێن.

**بۆ نموونە:-** ئەگەر کەسێك داوا لەسەر باوکی ناکام بکات بەپێی ولایەتی بۆ مناڵەکەی وە داوا بکات کە دایکی منداڵەکە کە پێش مردنی ڕاسپاردەی کردوە کە بڕی یەك ملیۆن دینار لە میراتیەکەی بۆ داواکار بێت ،وە لێرەدا دان پیانانی باوکەکە دروست نیە بەڵام نکوڵی کردنی دروستە ،وە لە کاتی دەستە وەستانی (عجز)داواکار لە سەلماندنی داواکەی باوکەکە سوێندی یەکلاکەرەوە ناخوات هەرچەندە ڕکەبەرەکەی شرعیشە.

5.ڕکەبەر لە داوای وقف سەرکارە ،وە هەروەها بەڵگەنامەی وقف کردن لەلایەن دادگای باری کەسیەوە ڕێك دەخرێ بەڵام کاتی کێشە لەسەر ملکێك دروست دەبێ کە ئاخۆ ئەم ملکە وقفە وە یان ملکی صرفە ،بینینی ئەم جۆرە داوایە لە تایبەتمەندی دادگای بەرایی یە.

6.داواکاری بەشە رزق لە وقف لەسەر سەرکاری وقف تۆمار دەکرێ لە دادگای بەرایی نەك باری کەسی.

## داوای هاوسەرگیری و چۆنیەتی سەلماندنی

لێرەدا چەند نمونەیەك باس دەکرێ کە لە کاتی کارکردندا دێتە ڕێی پارێزەر وە دەکرێ ئەم نمونان بکرێ بە پێوانەیەك بۆ داواکانی تر تایبەت بە سەلماندنی هاوسەرگیری بەو واتایە کە لە دادگا تۆمارنەکراون وە یان ئەم گرێبەندانە لە دەرەوەی دادگا ئەنجام دراون:-

1.ئەگەر ژنێك داوای لەسەر پیاوێك کرد وە ووتی لە دەرەوەی دادگا بە پێی گرێبەندی هاوسەرگیری عرفی هاوسەرگیری لەگەڵ کردوە لە بەرواری ئەو ساڵە وە لەسەر فلان مارەیی وە داوای حکمی کرد بە سەلماندنی هاوسەرگیریەکە،وە لەم حاڵەتەدا کە دادبینی ڕوبەروەو ئامادەیی یە ،وە ئەگەر پیاوەکە (داوا لەسەرکراو)دانی پیانا بە داواکە وە ئەگەر ئەهلی دانپیانان بوو هیچ ڕێگرێکی شرعی ویاسایی نەبوو ئەوە دادگا حوکم دەردەکات بە سەلماندنی هاوسەرگیریەکە پشت بەستنی بە أحکامی مادەی(11) لە یاسای باری کەسی.

بەلأم ئەگەر داوا لەسەرکراو نکوڵی کرد لە داواکە ئەوە داواکار تکلیف دەکرێ بە سەلماندن بە سەرجەم شێوازەکانی سەلماندن وەکو شایەد کە پێویستە دوو شایەد بێت کە پیاو بن وە یان پیاوێك و دوو ژن.وە سەلماندنی هاوسەری بەیەك شایەد و سوێندی داواکار ناکرێ بەڵکو ئەمە لە مسائیلی ماڵ دا دەکرێ،وە مەرج نیە ئەم شایەدە لە کۆڕی گرێبەندەکەدا ئامادە بووبێ وە یان لە کاتی گواستنەوەیدا،بەڵکو دەشێ شایەدەکان ئەم ژن و مێردەیان بینیبێ لە یەك ماڵ دا وە یان پیاوەکە ڕۆژانە گەرابێتەوە بۆ ماڵەکەو کەل و پەلی بۆ کڕی بن وە یان لە ناو خەڵکدا بلاّو بێ و زانرابێ کە ئەمانە ژن و مێردن و شایەدەکەش ئەمەی بیستووە.وە هەروەها ئەشێ بۆ سەلماندنی داوای هاوسەرگیری پشت ببەسترێ بە نامە گۆڕینەوەی نێوان ژن و مێرد کە ئاماژە بدات بە هاوسەرگیری نێوانیان وە یان وەرەقەی گرێبەندی هاوسەرگیری عرفی کە لە دەرەوەی دادگا ئەنجام دراوە و ئیمزا کراوە لەلایەن ژن و مێردەکەوە ئەگەر أعترافیان پێ کرد وە ئەگەر نا ئەتوانرێ لە ڕێگەی شارەزایانی بەرێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان لێکچواندن لە نێوان ئیمزای سەر وەرەقەکەو ئیمزای نکوڵی کەر بکرێ.

وە ئەگەر ژن دەستە وەستان بوو لە سەلماندنی داواکەی بە بەڵگەو قرینەی شیاو ئەو کاتە ماف دەدرێ بە ژنەکە کە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوا لەسەرکراو بکات،وە ئەگەر سوێندی خوارد داواکە رەد دەبێتەوە و بەلأم ئەگەر سوێندی نەخوارد حوکم دەردەچێ لەبەرژەوەندی ژنەکەو راستی هاوسەرگیریەکە.وە ئەگەر داوا لەسەرکراو دانی نا بە هاوسەرگیریەکە و بەلأم ووتی تەلأقی داوە و ئێستا مطلقەیەتی وە لە کاتی نکوڵی کردنی ژنەکە ئەو کاتە سەلماندنی ئەمە لەسەر داوا لەسەرکراوە .

2.ئەگەر داوا لەسەرکراو (پیاوەکە) ئاگادار کرا بە داواکەو ئامادە نەبوو بۆ دادبینی ئەو کاتە دادبینی بە ماڧ ئەو بە نائامادەیی بەرێوەئەچێ،وە سەلماندنی داواکە لەسەر داواکار (ژنەکە)ئەبێ وە ئەتوانی داواکە بسەلمێنی بەو شێوازانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە،بەلأم ئەگەر دەستەوەستان بوو لە سەلماندنی داواکە ئەکرێ حوکم دەربچێ بە هەڵپەسێرراوی لەسەر نکوڵی لە سوێند خواردن لە کاتی ناڕەزامەندی (معلق على النكول عن اليمين عند الاعتراض)بەو پێیەی کە لە مادەی(118) یاسای سەلماندندا هاتوە،وە ئەمە ئەشێ هەتا ئەگەر داوا لەسەرکراو لە دانیشتنێکی دادبینی ئامادەبوو پاشان نەهاتەوە بۆ دادبینی،وە بە هەمان شێوە ئەگەر پیاوەکە داواکاری سەلماندنی هاوسەری بوو ژنەکە داوا لەسەرکراو بوو.

3.ئەگەر داوا لەسەرکراو وون بوو(المفقود)بوو وە یان دیلی شەڕ بوو وە پێویستە لەم کاتەدا داوا لەسەر(قیم)بکرێ واتە ئەو کەسەی کە دانروە بە(قیم)بەسەر وون بوەکە یان دیلەکە،وە لەم داوایەدا داواکار رائەسپێررێ بە سەلماندنی داواکە بەپێی أصول هەتا ئەگەر (قیم)دانی نابێ بە داواکە،وە وەکو پێشتر ئاماژەدرا (قیم)سوێند نادرێ کاتێ کە داواکار دەستە وەستان بێ لە سەلماندنی داواکە،وە داواکار ئەتوانێ داواکە بسەلمێنێ بە هەموو شێوازەکانی سەلماندن کە پێشتر باسکرا وە جگە لەمەش ئەکرێ مفاتحەی ئەو دام و دەزگایانە بکرێ کە مفقود کاری تیا کردوە وە تابزانرێ لەوێ دانی ناوە بە هاوسەری.وە پێویستە لەم داوایەدا جێگری داواکاری گشتی ئامادە بکرێ وە هەروەها بەرێوەبەری چاودێری ناکامەکان چونکە(وون بوو)وەکو ناکام وایە.

ئەگەر داوا لەسەرکراو ئەهلیەی تەواو نەبوو وەکو شێت و بێ هۆش و خەڵەفاو بوو هتد،پێویستە لەمەدا (قیم)نوێنەرایەتی بکات وە ئەگەر قیمی نەبوو ئەوە بەرێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان قیمی یاساییەتی،وە هەندێك جار دادگا خۆی (قیم،وصی)کاتی دائەنێ لە بری ئەمانە بەمەبەستی تەواوکردنی رکەبەری وە ئەگەر قیمی کاتی ئامادە نەبوو بۆ دادبینی پێویستە قیمێکی کاتی تر دابنرێ چونکە ناکرێ بە نائامادەیی داواکە بڕوا بەرێوە.

4.ئەگەر یەکێك لە ژن و مێرد کۆچی دوایی کردبوو،ئەوە ئەو کاتە لەلایەن ئەوەی کە لە ژیاندایە داوا لەسەر میراتگرەکانی مردوەکە تۆمار دەکرێ وەکو باوکی یان دایکی یان یەکێك لە منداڵەکانی کە گەورەو باڵغن بەڵام ئەگەر ناکام بوون داوا لەسەر(وصی)یەکەیان ئەکرێ وە یان (قیمی کاتی)کە لەلایەن دادگاوە دائەنرێ ،وە ئەبێ جەخت بکرێ لەلایەن دادگاوە کە داوا لەسەرکراوی رکەبەر میراتگربێ بەهۆی خستنەڕووی دابەشنامەی شەرعی مردوەکە.

وە ناکرێ داوا لەسەر(خوشك یان برا یان مام)ی مردوو بکرێ کاتێ کە باوك و کوڕی هەبێت لەبەرئەوەی بە بوونی ئەمانە خوشك و براو مام بێ بەش دەبن لە میراتی وە دانانرێن بە رکەبەری یاسایی و شەرعی،وەکاتی داوا تۆمار بکرێ لەسەر غەیری رکەبەری یاسایی و شەرعی داواکە رەد دەبێتەوە لە ڕووی رکەبەریەوە .وە بۆ سەلماندنیش هەمان رێ و شوێنی پێشوو ئەگیرێ کە باسکرا.

وە ئەگەر کەس و کاری ژنە مردوەکە داوای تۆمار کرد لەسەر پیاوەکە وە دانی نا بە هاوسەرگیریەکە وەکە ئەهلی دان پیانان بوو رێگری یاسایی و شەرعی نەبوو ئەوە داواکە ئەسەلمێنرێ.

5.ئەگەر ژن و مێرد هەر دووکیان مردبوون ئەوە میراتگری یەکێکیان بۆیان هەیە داوا لەسەر میراتگری ئەوی تر بکات بە مەبەستی سەلماندنی هاوسەرگیریان،وە ئەگەر میراتگرەکەی یەکێکیان ناکام بوون پێویستە (وصی)یەکەیان داوا تۆمار بکات،وە بە هەمان شێوە ئەگەر داوا لەسەر کراو بوو پێویستە داوا لەسەر(وصی)یەکەیان بکرێ.

6.ئەگەر ژن مرد جگە لە مێردەکەی هیچ میراتگرێکی نەبوو وە یان بە پێچەوانەوە پیاو مردوو جگە لە ژنەکەی کەسی میراتگری نەبوو لەم حاڵەتەدا ئەبێ ژنەکە یان پیاوەکە کە لە ژیاندایە داوا لەسەر دەوڵەت (وەزارەتی دارایی – کارگێری خۆجێیەتی)تۆمار بکات بۆ سەلماندنی هاوسەرگیری.

## مارەیی

**مارەیی:**-ئەو ماڵەیە کە ژن ئەیکەوێت بەبەستن گرێبەستی هاوسەرگیری وە یان بە گواستنەوەی راستەقینە(الدخول الحقیقی).

**حکمی مارەیی:-**

**حکمی مارەیی:-**پێویست کراوە کە پیاو مارەیی بدات بە ژن،بەم شێوەیە:-

1-بە بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری لە کاتی هاوسەرگیری راستەقینە.

2-گواستنەوە(الدخول الحقیقی)وە ئەمە لە کاتێدایە کە گرێبەستی هاوسەرگیریەکە فاسد بێت وە یان لە حاڵەتی گوماندا بێت وە لێرەدا مارەیی ئەگەری سقوط کردنی نیە تەنها بە پێ دان و ئەستۆپاکی و گەردن ئازادی نەبێت.

## جۆرەکانی مارەیی

1-مارەیی دەستنیشان کراو دیاری کراو،ناونراو(المسمی) ئەو مارەییە کە لە کاتی بەستنی گرێبەستەکەدا دەستنیشان دەکرێ وە هەر دوولایەنی گرێبەستەکە لەسەر ڕازی دەبن.

2- مارەیی وەك خۆی(المهر المثل)ئەمە لە حاڵەتیکدایە کە لە کاتی گرێبەستەکەدا مارەیی دەست نیشان نەکرابێ ،وە وەکو یەکی لە جوانی و تەمەن و پەردە ساغی و بێوەژنی و منالی نەبون،ڕەوشت ،زانست ،ژیری، خواپەرستی، سامان.

وە لەم حاڵەتانەی خوارەوە ژن مارەیی وەك خۆی هەیە:-

أ.ئەگەر گرێبەستەکە ساغ و راستەقینە بوو وە مارەیی تیا دەست نیشان نەکرا بوو کاتی(أیجاب و قبول بەم شێوەیە ئەبێ پیاو ئەڵێ شوم پێ بکە ژنیش ئەڵێ قبوڵم کرد)واتە مارەیی دەست نیشان ناکرێ.

ب.ئەگەر ژن و مێرد پێك هاتن لەسەر ئەنجامدانی گرێبەست بێ مارەیی.بۆ نموونە پیاو ئەڵێ (هاوسەرگیریم لەگەڵ کردی بێ مارەیی)وە ژنیش لە وەلامدا ئەڵێ(قبولم کرد)وە لەم حاڵەتەدا گرێبەستەکە راستە بەلام پێك هاتن لەسەر نەبوونی مارەیی پوچەڵە.وە ژنەکە مارەیی وەك خۆی دەکەوێ.

ج.کاتێ مارەیی دەستنیشان بکرێ بەلام راستەقینە نەبێت وەکو ئەوە کە دەست نیشان کردنەکە لەسەر ماڵ نەبێت وە یان لەسەر ماڵی حەرام بێت وەکو صندوقێك بیرە وە لەم حاڵەتەشدا ژنەکە ماەیی وەکو خۆی دەکەوێ.

## پێشخستن و پاش خستنی مارەیی

مەرج نیە مارەیی دەست بەجێ بێ لە کاتی گرێبەستەکەدا وە ئەکرێ هەردوولا پێك بێن لەسەر دواخستنی هەمووی وە یان هەندێك لە مارەییەکە تا کاتی مردن یان طلاق دان بەپێی عرق ناوچەکە بەلام ئەگەر هەردوولا پێك هاتن لەسەر شێوەیەك لە پێدانی مارەیی ئەوە ئەم پێك هاتنە پێویستە پیاوەکە پابەند بێت پێوەی هەتا ئەگەر پێچەوانەی عرفیش بێت.

بەلام ئەگەر پێك هاتن نەبوو وە هیچ عرفیش نەبوو بۆ پێشخستن و پاشخستنی مارەیی پێویستە دەست بەجێ مارەیی بەدرێ بە ژن چونکە أصل ئەوەیە کە ژن مارەیی دەکەوێت بە ئەنجامدانی گرێبەست.

وە أبو حنیفە ئەڵێ ئەگەر مارەیی(پێشەکی)بوو لە گرێبەستەکەدا وە ژن وەری نەگرتبوو ئەو کاتە بۆی هەیە نەچێتە ماڵی هاوسەری تا مارەییەکەی وەردەگرێ،وە هەتا ئەگەر چوو بۆ ماڵی هاوسەری و گواسترایەوەو دخولی پێ کرا ،هەر بۆی هەیە بڕواتە دەرەوە لە ماڵی هاوسەری و اطاعە ی مێردەکەی نەکات وە دانانرێ بە ناچیزە ،هەتا مارەییەکەی وەرنەگرێ ،وە دادگای عێراقیش هەر بەم شێوەیە ئەڕوات.

## زیاد کردن و کەمکردنەوەی مارەیی

دوای ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری دەکرێ مارەیی زیاد بکرێ بەو مەرجانەی خوارەوە:-

1. ئەبێ مێرد لە ئەهلی بەخشین بێت واتە ژیر بێت.

2. دەبێ زیادەکە ڕوون بێت و دیاری کراوبێت.
3. زیادکردنی مارەیی لە کاتی پەیوەندی هاوسەرگیری راستەقینە وە یان حکمی بێت(عند وقوع الطلاق الرجعي).
4. قبوڵ کردنی ژن بەو زیادە مارەییە لەو دانیشتنەی کە زیادەکەی تیا کراوە.وە یان قبوڵی ولی ژن ئەگەر ژنەکە ئەهلی قبوڵ نەبوو بۆ نمونە شێت بوو.

وە ژن دەتوانێ مارەیی یەکەی کەم بکاتەوە ئەگەر ژیر بوو وە باڵغ بوو وە هەروەها دەتوانێ دەستبەرداری هەموو مارەیی یەکەی بێت ،بەلاّم ئەگەر ژن ئەهلی بەخشین نەبوو ئەوە ولیەکەی ناتوانێ مارەیی یەکەی کەم بکاتەوە یان هەمووی ببەخشێ بە مێردەکەی.

## ئەو حاڵەتانەی کە ژن هەموو مارەیی یەکەی دەکەوێ

1. ئەگەر یەکێك لە ژن و مێرد کۆچی دوایی کرد دوای ئەنجامدانی گرێبەندی هاوسەرگیری راستەقینە وە پێش گواستنەوە ئەگەر مێرد مرد ژنەکەی هەموو میراتیەکەی ئەکەوێ وە لە میراتیەکەی هەڵی ئەگرێ.

بەلاّم ئەگەر ژن مرد میراتگرەکانی مارەیەکەی لە مێردەکەی وەردەگرن پاش ئەوەی بەشەمیراتی مێردەکەی لێ دەردەکرێ.

2. ژن سەرجەم مارەیەکەی دەکەوێ پاش ئەوەی ئەگوازرێتەوە گواستنەوەیەکی راستەقینە.
3. گواستنەوەی حکمی (الدخول الحكمي،الخلوه الصحيه)وە ئەمە بریتیە لەوەی کە ژن و مێرد لە شوێنێکی ئەمین بە یەکەوەن وە هیچ رێگرێکی هەستپێکراوو سروشتی و شەرعی نیە لە دخول کردنی بەو پێیەی کە شوێنەکە کەسی لێ نەبێت وە هیچ لایەکیان نەخۆش نەبن کە رێگر بێت لەبەردەم بەیەك گەیشتنی وە هیچیان بە ڕۆژو نەبن وە یان ژنەکە لە کاتی عادەدا بێت.

وە ماددەی (21)لە یاسای باری کەسی تەنها ئاماژەی بە خاڵی یەکەم و دووەمی سەرەوە داوە وە سەبارەت بە خاڵی سێیەم (الخلوه الصحيه)باس نەکردوە.وە زانایانی ئیسلام رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەمە جمهوری فقهاء ڕایان وایە کە بە خلوەی راستەقینە تەواوی مارەیی ناکەوێ،بەلاّم أبو حنيفه رای وایە کە بە خلوەی صحيحه ژن تەواوی مارەییەکەی ئەکەوێ وە دادگا تمییزی عێراق بەرای أبو حنيفه ڕۆیشتووە کاتێ کە طلاق وە جیابونەوە ڕوی دا.

## ئەو حاڵەتانەی کە ژن شایستەی نیوەی مارەییە

1. کاتێ کە گرێبەندی هاوسەرگیری دروست هەبێت و نەگوازرابێتەوە طلاق ڕوی دا ژن نیوەی مارەیی دەست نیشان کراوی ئەکەوێ بەلاّم کە گرێبەندەکە دروست ئەبێت واتە فاسد بێت ئەوە پێش گواستنەوە هیچی ناکەوێ.

وە مارەیی دەست نیشان کراو بەو واتایە دێ کە سەرجەم مارەییەکەی پێشەکی و پاشەکی دەکەوێت .بۆ نمونە ئەگەر مارەیی پێشەکی(40)مسقاڵ ئاڵتون بوو وە پاشەکی(60)مسقاڵ بوو ئەو کاتە نیوەی مارەیی دەست نیشان کراو(50)مسقاڵە ،وە کە طلاق ڕوویدا و پێش گواستنەوە بوو لەم حاڵەتەدا ژنەکە (50)مسقاڵی ئەکەوێ.

2. ئەگەر لە گرێبەندەکەدا مارەیی دەسنیشان نەکرا بوو مێرد ژنەکەی طلاق داوە نەیگواستبۆوە ،ئەو کاتە ژنەکە مارەیی وەکو خۆی ناکەوێ چونکە نەگواستراوەتەوە وە هەروەها مارەیش دەستنیشان نەکراوە تا نیوەی بکەوێ وەکو لە خاڵی یەکەم دا باس کراوە ،لەم حاڵەتەدا ژن ماف (متعه )ی ئەکەوێ،کە بریتیە لە (کسوە)جل و بەرگی تەواوی لە دەرەوەی ماڵ لەبەری بکات بە پێی عرف وە یان نرخەکەی بە پێی حاڵەتی ئابوری مێردەکە ، وە هەندێك لە زانایان

(متعه)تقدیر دەکەن نیوەی مارەیی وەکو خۆی (سهر المثل)وە لە کاتی ناکۆکی نێوان ژن و مێرد لەسەر خەملاندنی متعه پێویسته شارەزا بیخەملێنیّ.

ئەگەر گرێبەستێکی نادروست هەبوو لە نێوان ژن و مێردا وە دوای گواستنەوە جیابونەوە ڕوی دا ئەو کاتە ئەگەر مارەیی دەستنیشان کرابوو ئەوە ژنەکە لە مارەیی دەستنیشان کراو و مارەیی وەك خۆی کامیان کەمتر بوو شایستەی کەمەکەیە ،بۆ نموونە ئەگەر مارەیی دەستنیشان کراو 50مسقاڵ ئاڵتون بوو وە مارەیی وەك خۆی 40 مسقاڵ بوو لەو کاتەدا ژنەکە (40)مسقاڵەکەی ئەگەویّ،وە ئەگەر مارەیی دەستنیشان نەکرابوو مارەیی وەك خۆی ئەگەویّ.

## ئەو حاڵەتانەی کە ژن مارەیی ناکەویّ

1.ئەگەر جیابوونەوە ڕووی دا پێش گواستنەوە وە هۆکاری جیابوونەوەکە ژن بوو .

2.ئەگەر جیابوونەوە ڕوی دا لە پێش گواستنەوە وە هۆکاری جیابوونەوەکە مێرد بوو بەوە باڵغ بوەو بەم گرێبەندە ڕازی نیە.

3.ئەگەر ژن دەستبەرداری مافی خۆی بوو گەردنی مێردەکەی ئازاد کرد.

4.ئەگەر گرێبەندی هاوسەرگیریەکە دروست نەبوو (فاسد) وە جیابوونەوە پێش گواستنەوە ڕوی دا هەتا ئەگەر دوای(خلوة صحیحة)بێت ژنەکە هیچ مارەیی ناکەویّ.

## داوای مارەیی و چۆنیەتی سەلماندنی

لێرەدا چەند نموونەیەك لە داوای مارەیی باس دەکریّ وە ئەشێت بکرێن بە پێوانەیەك بۆ ئەو داوایانەی تر کە تایبەتن بە سەلماندنی مارەیی:-

1.ئەگەر ژنێکی طلاق دراو پێش گواستنەوە داوای تۆمار کرد لەسەر پیاوەکە وە داوای نیوەی مارەیی دەستنیشان کراوی کرد ،بۆ نموونە مارەیی پیشەکی(14)مسقاڵ بوو وە پاشەکی (20)مسقاڵ بوو ئەو کاتە ژنەکە (17)مسقاڵ ئاڵتونی دەکەویّ لەبەرئەوەی نیوەی مارەیی دەستنیشان کراوە واتە پێشەکی و پاشەکیەکە کۆکراوەتەوە دابەشی سەر دوو کروە،ئەگەر مێرد دفعی داوای کرد و ووتی ژنەکە مارەیی پێشەکیەکەی وەرگرتوە کە چواردە مسقاڵ لە زێڕە،وەك لە گرێبەندەکەشدا ئاماژە کراوە.لەم کاتەدا کە ژنەکە اقراری کرد ئەوە دادگا حکم دەدات بۆ ژنەکە بە بڕی (3مسقاڵ)ئاڵتون ، واتە باقی نیوەی مارەیی دەستنیشان کراو .بەلاّم ئەگەر ژنە نکوڵی کرد لە وەرگرتنی مارەیی پێشەکی وە ووتی لە کاتی خۆیدا بە درۆ أقراری کردوە بە وەرگرتنی مارەیی پێشەکی ئەگینا لە ڕاستیدا وەری نەگرتوە ، لەم حاڵەتەدا ژنەکە مافی هەیە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی پیاوەکە بکات ،ئەگەر سوێندی خوارد تەنها حوکم دەدریّ بە بڕی(3) مسقاڵەکە ،بەلاّم ئەگەر سوێندی نەخوارد حوکم دەردەکریّ بە پابەندکردنی پیاوەکە بە پیّ دانی بڕی(17)مسقاڵەکە.

2.کاتیّ ژن داوا تۆمار دەکات بە مارەییەکەی ،وە گرێبەندی هاوسەری و تۆماری دادگا هیچ ئاماژەیەکی نەداوە کە مارەیی پێشەکیەکە وەرگیراوە لەلایەن ژنەوە .وە پیاوەکەش دفع ئەکات کە مارەیی پێشەکی داوە،بەلاّم داواکار أنکاری ئەکات لە دفعی داوا لەسەرکراو ، وە لەم کاتەدا پیاوەکە (داوا لەسەر کراو)تکلیف دەکریّ بە سەلماندنی دفعەکەی ، وە ئەمەش بە شایەد ناسەلمێنریّ بەلکو بەلگەی نوسراوو وەرەقەی ڕەسمی و سندی کاتب عدل،وە یان لە کاتی دەستە وەستانی داوا لەسەر کراو بۆ سەلماندنی دفعەکەی کە مافی سوێند دانی داواکاری هەیە کە نکوڵی کرد لە سوێندەکەو

نەیخوارد ئەوە لەم کاتانە داواکە ڕەد دەبێتەوە ،بەڵام بە پێچەوانەوە کە نەیتوانی دفعەکە بسەلمێنێ ئەوە حوکم دەدرێ بە نیوەی مارەیی دەستنیشان کراو لە پێشەکی و پاشەکی کە نەگوازرابۆوە ،وە تەواوی مارەیی کە کە گواسترابۆوە.

3.ئەگەر مێرد کۆچی دوایی کرد ئەو کاتە داوا لەلایەن ژنەکەیەوە تۆمار دەکرێ لەسەر یەکێك لە میراتگرەکانی کە گەورە بوون وە ئەگەر ناکام بوون داوا لەسەر (وصی)یان تۆمار دەکرێت دوای خستنە ڕووی دابەشنامەی شەرعی بۆ دڵنیا بوون لە ڕکەبەری وە سەلماندنی مارەییەکە بە ڕێگەی أصولی خۆی ،وە پێویستە پێش دەرکردنی حوکم سوێندی(أستظهار)ئاراستەی ژنەکە بکەن ، وە ئەگەر سوێندی نەخوارد داواکەی ڕەد دەبێتەوە بەڵام ئەگەر خواردی حوکمی بۆ دەردەکرێ.

4.لە حاڵەتێکدا کە ژن کۆچی دوایی ئەکات میراتگرەکانی داوای مارەیی تۆمار دەکەن لەسەر مێردەکەی کە لە ژیاندایە وە بە پێی أصول تكليف دەکرێن بە سەلماندنی داواکە.

بەڵام ئەگەر ژن و مێرد هەر دوکیان مردبوون ، وە کە میراتگرەکانی ژن داوای مارەییان تۆمار کرد لە میراتگرەکانی مێردەکە کە مردووە وە داوای مارەیی پاشەکیەکەیان سەلماند ئەوە سوێندی نەبوونی زانیاری (عدم العلم)ئاراستەی داواکار ئەکرێ،ئەگەر خواردی حوکم دەرئەکرێ بە مارەییەکە ، کە نەیخوارد داواکە ڕەد دەبێتەوە ، وە ئەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە داوا لەسەر میراتگری مێردی مردوو دەکرێ نابێ بە مجردی بێت بەڵکو دەبێ بە (سەرەرای میراتیەکەی)بکرێ.

5.ئەگەر ژنێکی طلاق دراو داوای تۆمار کرد لەسەر مێردە طلاق دەرەکەی وە داوای مارەیی دەستنیشان کراوی لێ کرد بۆ نمونە بە بڕی (20)مسقاڵ زێڕ وە ووتی وەری نەگرتووە ،وە ئەگەر داوالەسەر کراو نکوڵی کرد لە دەستنیشان کردنی مارەییەکە وە ووتی گرێبەستەکە بێ دەستنیشان کردنی مارەیی کراوە ،ئەو کاتە داواکار تكليف ئەکرێ بە سەلماندن ئەگەر داواکار دەستەوەستان بوو لە سەلماندن مافی سوێنددانی داوالەسەر کراوی هەیە ئەگەر سوێندی خوارد ئەوە دادگا ئەچێ بۆ مارەیی وەك خۆی (مهر المثل)بەو پێ یەی کە پێشتر باس کرا وە ئەگەر مارەیی وەك خۆی بڕی (30)سی مسقاڵ زێڕ بوو تەنها حوکم بەو بڕە ئەدرێ کە داواکار داوای کردوە واتە(20)مسقاڵەکە.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ژنە طلاق دراوەکە داوای مارەیی وەك خۆی کرد و ووتی مارەیی یەکە دەستنیشان نەکراوە وە داوا لەسەر کراو دفعی کرد کە مارەیی یەکە دەستنیشان کراوە لە کاتی بەستنی گرێبەستەکەدا وە بڕی (15)پانزە مسقاڵ دانراوە بۆ نموونە. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نەبوو بۆ سەلماندنی ئەمە ئەوە ئەو کاتە داواکار سوێند دەدرێ بەوە کە مارەیی یەکە دەستنیشان نەکراوە لە کاتی گرێبەستەکەدا ، لەبەرئەوەی ئەو أنكاری دەستنیشان کردنی دەکات ،وە ئەگەر سوێندی خوارد ئەوە دادگا ئەچێ بۆ مارەیی وەك خۆی ، وە کە دەرکەوت (مارەیی وەك خۆی)کەمترە لەوەی کە داوالەسەر کراو دفعی پێ کردوە بۆ نموونە (10)مسقاڵ زێڕە ئەو کاتە دادگا ئەچێ بۆ حوکم دان بە(15)مسقاڵەکە لەبەرئەوەی داوالەسەر کراو خۆی أقراری پێ کردوە.

بەڵام ئەگەر دەرکەوت مارەیی وەك خۆی (20)مسقاڵە واتە زیاترە لەوەی داوالەسەر کراو دفعی پێ کردوە ، وە داواکار سوێندی نەخوارد ئەو کاتە دادگا ئەچێ بۆ (15)مسقاڵەکە چونکە داوالەسەر کراو أقراری پێ کردوە وە هەموو ئەمانە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە لە دادگا تۆمار نەکرابوو.

6.ئەگەر ژنێك داوای تۆمار کرد لەسەر مێردە طلاق دەرەکەی وە ووتی مێردەکەی مارەیی پێشەکی دەستنیشان کردوە بەڵام مارەیی پاشاکی بۆ دەستنیشان نەکردوە ،لەبەرئەوە داوای کرد بە ألتزام کردنی بە مارەیی پاشەکی وەکو خۆی (مهر الثل المؤجل)وە داوا لەسەرکراویش وەڵامی دایەوە کە لەبەرئەوەی مارەیی پاشەکی تۆمار نەکردوە لە

عقدەکەدا ئەستۆی پاکە وە لەبەرئەوە داوای ردی داواکەی کرد ،وە لێرەدا دادگا داواکە رەد دەکاتەوە لەبەرئەوەی مارەیی یەکە نەك دووان ،وە عرف مارەیی دابەش کردوە بەسەر پێشەکی و پاشەکی .وە لەبەرئەوەی داوالەسەرکراو مارەیی پێشەکی دەستنیشان کردوە پاشەکی نەنوسراوە داواکار مافی نیە داوای مارەیی وەك خۆی پاشەکی بکات.

7.ئەگەر جیاوازی هەبوو لە نێوان ژن و مێرد لەسەر ئەو شتەی کە مێرد بەخشیویەتی بە ژن ، وە ژنەکە ووتی ئەو شتە دیاری بوەو پیاوەکەش ووتی نەخێر حیساب کراوە لەسەر مارەیی ،وە ئەگەر داواکارەکە أدعائەکەی سەلماند حوکمی بۆ ئەدرێ ،بەلاّم ئەگەر هەردوو لایان بەلگەیان تقدیم کرد ئەوە ئەو کاتە بەلگەی ژن راجح دەبێت.بەلاّم ئەگەر هیچ لایەنێکیان بەلگەیان نەبوو ئەگەرێتەوە بۆ عرف بۆ نموونە ئەگەر خواردن و جل و بەرگ بوو ووتەی ژنەکە لەگەلّ سوێند دانی.

بەلاّم ئەگەر عرف بۆ نموونە پارەی دانا بە مارەیی ووتە ووتەی پیاوە لەگەلّ سوێند دانی .

بەلاّم ئەگەر عرف ئاماژەی دا کە ئەو شتە ئەشێ دیاری بێت و ئەشێ مارەیی بێت ئەو کاتە ووتە ووتەی پیاوە لەگەلّ سوێند دانی .

وە بێ گومان گەڕانەوە بۆ عرف کە ئەو شتە دیاری بێت یان مارەیی لە ڕێگەی شارەزاوە ئەنجام ئەدرێ.

## بژێوی(نفقة)

**مادەی (23)لە یاسای باری کەسی:-**

1.لە کاتەوە کە گرێبەندی هاوسەری دروست ئەنجام ئەدرێ ژن شایستەی بژێویە لەلایەن مێردەکەیەوە هەتا ئەگەر لە مالّی باوانیش بێت،بەلاّم ئەگەر مێرد داوای کرد بیگوازێتەوە بۆ مالّی هاوسەری و ڕازی نەبوو بە نارەوا ئەو کاتە شایستەی بژێوی نابێت.

2.ڕازی نەبوونی ژن بە گواستنەوەی ڕەوایە ئەگەر مێرد مارەیی پێشەکی پێنەداو خەرجی نەکێشا.

**بەندی یەکەم لەم مادەیە ئاماژە دەدات:**

کەپێویستە مێرد بژێوی ژن بدات لەو کاتەوە کە گرێبەندی هاوسەری دروست لە نێوانیاندا ئەنجام ئەدرێ ،بەلاّم ئەگەر گرێبەندەکە نادروست(فاسد)بوو ژن بژێوی ناکەوێ لەبەرئەوەی کە پێویستە دەستبەجێ لەیەك جیابکرێنەوە ، وە بەمەش مافی راگیر کردن نامێنێ کە ئەویش هۆکاری شایستەی بژێویە.وە هەروەها لە گرێبەندی هاوسەری دروست ژن سایشتەی خەرجیە هەتا ئەگەر لە مالّی باوکیشی بێت و هاوسەرەکەی نەیگواستبێتەوە،بەلاّم ئەگەر هاوسەرەکەی داوای کرد بیگوازێتەوە وە بە نارەوا داواکەی رەدکردەوە شایستەی خەرجی نابێ.

**بەندی دووەمی هەمان مادەی سەرەوە ئاماژە دەدات:-**

بەو هۆکارە ڕەوایانەی کەوا لە ژن دەکات ڕازی نەبێت بە گوێڕایەلّی و گواستنەوەی بۆ مالّی هاوسەری بریتیە لەوەی کە مێرد مارەیی پێشەکی نەدابێ بە ژن وە یان مالّی شەرعی سەربەخۆی بۆ دابین نەکردبێ،وەیان خەرجی نەکێشابێت وە یان ئەمانەتی نەبێت لەسەر خودی ژنەکە وە یان لە سامانی وە یان لەسەر ناموسی،وەیان ژنەکە نەخۆش بێت بسەلێنرێ کە نەخۆشیەکەی ڕێگرە لەبەردەم گواستنەوەی.

**مادەی(1/24):-**

خەرجی کێشانی ژن بەمەرجێك ناچیزە نەبێت قەرزە لەسەر مێردەکەی لەو کاتەوە کە بژێوی پێ نەداوە.

ئەم مادەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ژن مافی خۆیەتی داوای بژێوی رابوردوو (کەڵەکەبوو) بکات لەو کاتەوە کە مێردەکەی خەرجی نەکێشاوە ،وەیان لەو کاتەوە کە بەجێی هێشتووە بێ خەرجی کێشان.

- لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوە بکرێ کە کاتێك ژن داوای خەرجی کەڵەکە بوو دەکات ،وە لە ماڵی هاوسەری ژیان دەگوزەرێنێ لەگەڵ مێردەکەی،سەلماندنی خەرجی نەکێشانەکە دەکەوێتە سەر ژنەکە چونکە داوای پێچەوانەی ئەصل (خلاف الاصل،خلاف الظاهر)دەکات وە ئەگەر ژنەکە دەستە وەستان بوو لە سەلماندنی داواکەی بۆی هەیە سوێندی مێردەکەی بدات .بەلاّم لە کاتێکدا کە ژنەکە ماڵی هاوسەری بەجێهێشتبوو وە گەرابۆوە بۆ لای کەس و کاری خۆی وە داوای خەرجی لە مێردەکەی کرد ،ئەویش دفعی بەوە کرد کە خەرجی کێشاوە بەوە کە پارەی نقدی بۆ ناردوە وە یان پێداویستی ژیانی بۆ ناردوە،وە سەلماندنی دفعەکە ئەکەوێتە سەر خۆی واتە سەر(پیاوەکە)،چونکە (ظاهر) شایەدی بۆ ژنەکە دەدات بەو پێ یەی کە لەگەڵ کەس و کاری ژیان بەسەر دەبات نەك مێردەکەی.
- بەلاّم کاتێك ژن پابەندکرا بێت بە حوکمی گوێرایەڵی و گوێرایەڵی مێردەکەی نەکات،ئەوە شایستەی خەرجی کێشان نابێت لەو کاتەوە کە گوێرایەڵی ناکات.
- وەکو ئاشکرایە ژن داوا لەسەر مێردەکەی تۆماردەکات ئەگەر مێردەکەی لە ژیان دا بوو .بەلاّم کاتێك مێردەکەی مردبوو ئەوە داوای خەرجی کەڵەکە بوو لە کەس و کاری (میراتگرەکانی)مێردەکەی دەکات کە لە میراتیەکەی خەرجی کەڵەکەبووی پێ بدرێ.واتە خەرجی ئەو کاتە کە لە ژیاندا بوەو خەرجی نەکێشاوە .چونکە ئەم خەرجی کەڵەکە بوە دادەنرێ بە قەرز،وە قەرزیش تەنها بە پێدان و گەردن ئازاد کردن لادەچێ.

**مادەی (2/24):**

خەرجی کێشان خواردەمەنی و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون و کەل و پەلەکانی ناو ماڵ و کرێی پزیشك بە پێی خۆی وە خزمەتی ژن وەکو هاوشانەکانی خۆی دەگرێتەوە.

ئەم برگەیە ئاماژە دادات کە خەرجی کێشان خواردەمەنی دەگرێتەوە بەو پێ یەی کە پێویستیەکانی دابین دەکات وە بە گوێرەی باری دارایی و ئابووری کۆمەلاّیەتی مێردەکە.وە هەروەها نوا(شوێنی نیشتەجێ بوون)دەگرێتەوە وە دیارە ئەمەش هەر بە پێ ی باری ئابووری و دارایی مێردەکەیە ،وە ئەگەر مێردەکە خۆی لە کۆشکێك لە گەرەکێکی خۆش بوو ئەوە پێویستە ژنەکەش بە هەمان شێوە لە جێگاو رێگایەکی شایستە بژیت ،بەلاّم ئەگەر پیاوەکە خۆی لە ژورێك دا ئەژیا وە یان خانویەکی بچوك ئەوە ژنەکەش وەکو پیاوەکە دەبێت. وە بێ گومان شوێنی نیشتەجێ بوون تەنها خانوو نیە بەڵکو پێویستە کەل وپەلیشی تیا بێت.

وە سەبارەت بە خەرجی خزمەتکار کاتێك ژن مافی ئەوەی هەیە ،ئەگەر مێردەکەی توانای دارایی و ئابووری باش بوو وە ژنەکەش لە ماڵی باوکی لە کاتی خۆیدا خزمەتکار خزمەتی کردوەو وە خۆی خزمەتی خۆی نەکردوە . وە هەروەها خەرجی کرێی پزیشك و داوو دەرمانیش دەگرێتەوە.

**مادەی(1/25):-**

ژن شایستەی خەرجی کێشان نیە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:-

أ-ئەگەر ژن ماڵی هاوسەری بەجێ هێشت بەبێ ڕەزامەنی مێردەکەی وە بەبێ ڕوکاری شەرعی.

ب-ئەگەر حبس کرا لەسەر تاوانێك وە یان قەرز.

ج-ئەگەر ژن ملی نەدا بۆ سەفەرکردن لەگەڵ مێردەکەی بەبێ پاساوی شەرعی.

بڕگەکانی ئەم مادەیە ئاماژە بەوە دەدات کە کاتێك ژن ماڵی هاوسەری بەجێ دەهێڵێ و ناچێتەوە لای مێردەکەی وە بەبێ پاساوی شەرعی ئەوە لەم کاتەدا شایستەی خەرجی کێشان نیە، وە پاساوی شەرعی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:-

- ئەگەر مێرد نائەمین بوو لەسەر ناموسی ژنەکەی وە یان لەسەر ماڵ و دارایی ژنەکەی وە یان لەسەر گیان و بوونی ژنەکەی.
- ئەگەر مارەیی پێشەکی پێ نەبەخشیبوو.
- ئەگەر نەخۆش بوو نەیتوانی سەفەری لەگەڵدا بکات.
- ئەگەر مەبەست کردن لە سەفەرەکەی زیان گەیاندن بە ژنەکەی بوو بۆ نموونە کە فەرمانبەر بوو , بە جۆرێك کە پیاوەکە بە نیازی خراپ ویستی وظیفەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ شوێنێك کە ژنەکەی نەیتوانی لەو شوێنە وظیفە بکات وە یان وظیفەی ئەوی لێ نەبێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بڕگەی (ب)ی ئەم مادەیە ،ژن کاتێك شایستەی خەرجی نابێت کە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێك حەبس کرابێت وەیان بە هۆی قەرزی خۆی گیرابێت،لەبەرئەوەی (مێرد)ماف گیرکردن و مانەوەی ژنەکەی لە دەست چووە بێ ئەوەی خۆی هۆکاربێت،وە هەروەها ئەگەر ژن بە ناڕەواش حبس کرابێت مادام بەهۆی مێردەکەیەوە نیە شایستەی خەرجی نیە وە ئەمە رای راجعی زانایانە بەلاَم کاتێك کە ژن حبس بکرێت بە هۆی ماف مێردەکەیەوە لێرەدا ئەبێ خەرجی بکێشێ،خۆ ئەگەر مێرد حبس کرا بەهۆی ماف ژنەکەی وە یان هەتا ئەگەر بە ناڕەواش حبس بکرێ ژنەکە هەر شایستەی خەرجی یە.

**بڕگەی(2)لە مادەی(25):**

ئەم بڕگەیە ژن پابەند ناکرێ بە گوێرایەڵی وە دانانرێ بە ناچیزە ئەگەر مێرد ناڕەوا بوو لە داواکاری گوێڕایەڵی کردن وە یان مەبەستی زیان گەیاندن و تەنگە تاوکردن بوو ،وە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەمانەی خوارەوە بە زیان گەیاندن دادەنرێت:

أ-ئامادەنەکردنی ماڵی شەرعی سەربەخۆ بۆ ژنەکە بە جۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ باری ئابووری و کۆمەلاَیەتی هەردوولایان.

ب-ئەگەر ماڵی شەرعی ئامادەکراو دوور بوو لە شوێنی کارکردنی ژنەکە بە جۆرێك هاوئاهەنگی لە نێوان ئەرکەکانی ماڵەوەی و ئەرکەکانی وظیفي دا ئەستەم بوو.

ج-ئەگەر کەل و پەلی ناوماڵی ئامادەکراو ملکیەتی نەگەڕێتەوە بۆ مێرد.

د-ئەگەر ژنەکە نەخۆش بوو بە جۆرێك ڕێگربێ لەبەردەم گوێرایەڵی کردن.

وە بەو پێ یەی کە دادگای تەمییز لەسەری جێگیر بوە،داواکردنی مێرد بە گوێرایەڵی ژنەکەی وە گەرانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری وأمتناع کردنی ژنەکە لەمە،بە بەڵگەی کەسی ناسەلمێنرێ ،بەڵکو ئەبێ لە ڕێگای تۆمارکردنی داوا لە دادگا ئەکرێت وە دوای ئەوە کە دادگا حوکم دەرئەکات بە پابەندکردنی ژنەکە بە گوێرایەڵی وأمتناع دەکات لەو کاتەوە شایستەی خەرجی نابێت.

## چەند ڕێسایەکی گشتی لە داوای خەرجی و گوێرایەڵی

1.ئەگەر ژن داوای خەجی کرد و مێردیش لە هەمان کاتدا داوای گوێرایەڵی تۆمار کرد ئەوە هەردوو داواکە یەك ئەخرێن لەبەرئەوەی داوای گوێرایەڵی وەکو دفع وایە بۆ داوای خەرجی.

2.داوای خەرجی یەکناخرێ لەگەڵ داوای جیابونەوە، وە ئەکرێ حوکم دەربکرێ بە داوای خەرجی وە بەردەوام بونیش لە بینینی داوای جیابوونەوەکە.

3-داوای گوێرایەڵی دوادەخرێ ئەگەر ژن داوای جیابونەوەی تۆمار کرد.

4-ژن شایستەی خەرجیە ئەگەر ئەهلی کتابیش بێت.

5-ئەگەر ژنی کتابی داوای خەرجی کرد لەسەر مێردی کتابی لە دادگای موادی کەسی (بەرایی)پاشان پیاوەکە بوو بە موسڵمان لەو کاتە ئەبێ داواکە ڕەوانەی دادگای باری کەسی بکرێ ،ئەگەر پیاوەکە عێراقی بوو وە هەروەها ئەگەر بێگانەش بوو بەلاَم بەمەرجێك کە لە وولاَتی خۆی حوکمی ئیسلامی جێ بەجێ کرا لە مسائیلی باری کەسی نەك یاسای شارستانی.

6-حوکمی گوێرایەڵی کردنی ژن بۆ مێردەکەی لە فەرمانەگەی جێ بەجێ کردن جێ بەجێ دەکرێت بە ئاگادارکردنەوەی ژنەکە بە گوێرایەڵی وە جێگیرکردنی هەڵوێستی بەڕەزامەندی دەربڕین بە گوێرایەڵی وە یان بە پێچەوانەوە وە حوکمی گوێرایەڵی بە زۆر جێبەجێ ناکرێ.

7-ئەگەر دادگا بڕیاری دا بە خەرجی کاتی بۆ ژن لە داوای خەرجی دا بەلاَم ژنەکە داواکەی بەجێ هێشت وە پاشان بەتاڵ کرایەوە ئەو کاتە پێویستە دادگا ئاگاداری فەرمانگەی جێ بەجێ کردن بکاتەوە بە بەتاڵ کردنەوەی خەرجیە کاتیەکە.

8-ئەشێ ژن داوای خەرجی ڕابوردوو بکات لە داوای خەرجی بەردەوام وە هەروەها ئەشێ بە جیاش داوای خەرجی ڕابوردوو بکات.

## تەلاَق

**مادەی(34):**

أ-تەلاَق لابردنی کۆتی هاوسەرگیریە بە کەوتنی لە لایەن مێردەوە وە یان لەلایەن ژن ئەگەر دانرا بە بریکار بۆ ئەمە وە یان ڕێگەی پێ درابوو وە یان لەلایەن دادوەرەوە تەلاَق ئەخرێ ،وە تەلاَق ناکەوێ تەنها بەوشێوەیە نەبێت کە شەرع دایناوە.

ب-بریکارنامە بەکارنایە لە ڕێ و شوێنی توێژینەوەی کۆمەلاَیەتی و ناوبژیوانی و خستنی تەلاَق.

ئەم مادەیە ئاماژە بەوە دەدات کە تەلاَق صیغەیەکە گرێبەندی هاوسەری پێ شی دەبێتەوە (حل)،وە ئەم صیغەیە یان مێردەکە دەیخات بە بەکارهێنانی دەستەواژەی تەلاَق وەکو ئەوە کە ئەڵێ(هاوسەرەکەم فلاَن کچی فلاَ تەلاَقت لە من کەوتبێ یەك تلاَقی رجعی)،وە یان بە نووسین مێردەکە شێوەی تەلاَقەکە ئەنوسێ و ئەینێرێ بۆ ژنەکەی کە بە نووسینی خۆیەتی و ئیمزای لەسەر کردوە.وە یان کەڕولاڵە بە ئاماژەیەکی ئاشکرا تەلاَقی ژنەکەی دەدات.

ڕێگەپێدان (تفویض)ئەم حاڵەتە ئەوەیە کاتێ مێرد ڕێگە بە ژنەکەی دەدات کە تەلاَقی خۆی بخات ،وە ئەم ڕێگە پێدانە یان لە کاتی بەستنی گرێبەندەکە دەکرێ وە یان دوای بەستنی گرێبەستەکە دەکرێ لە کاتێکدا کە لە کاتی

گرێبەستەکەدا مێرد ڕێگەی بە ژن نەدابێ کە تەلاقی خۆی بخات ، کە دەکرێ دوای گرێبەست ژن و مێرد لەسەری ڕێك بکەون ، کە ئەمەش بەبەڵگەنامەی پاشکۆ(حجه لا حقه)ئەنجام ئەدرێ.

وە ژنی ڕێگەپێدراو بە تەلاق بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەستەواژەیە بەکاردێنێ کاتی تەلاق بەکاردێنێ(طلاقم لێت کەوتبێ هاوسەرەکەم فلان کوڕی فلان کە گواستوتمەوە (یان کە نەتگواستومەوە)کە یەك طلاقي رجعیە(وە یان یەك طلاق)

هەمان بڕگەی سەرەوە ئاماژەی بە بریکارنامە داوە وە هەندێك لە زانایان لەبری تفویض توكیل ناو دەبەن ، وەلێرەدا حکمی بریکارنامە حوکمی هەموو بریکارنامەیەکی تری هەیە لە گرێبەست تردا.

ڕێگە پێدان (تفویض)،مانای ڕێگە پێ دان یان پێدانی ماف(تملیك)پیاوە بۆ ژنەکەی کە خۆی تەلاق بدات.لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئایا(تویض هەر توكیل)وە لێردا جیاوازی بەدی دەکرێ چونکە بریگرتە (موكل)دەتوانێ بریکارەکەی کەنارگیر بکات بەلأم مێرد ناتوانێ ماف (تفویض)لە ژنەکەی وەربگرێتەوە دوای ئەوەی لە گرێبەندەکەدا جێگیر دەکرێ.

وە بڕگەی دووەم لە هەمان مادە ئاماژەی بەوە داوە کە نابێ بریکارنامە قبوڵ بکرێ واتە بریکار ئامادەبێ لە بەردەم توێژەری کۆمەڵایەتی لەبری بریگرتەکەی وە یان لەبەردەم ناوبژیوانان وە هەروەها قبوڵ نەکردنی بریکار بەخستنی تەلاقی بریگرتەکەی،وە پێویستە مێرد خۆی وە یان ژنی ڕێگە پێ دراو خۆی دەستەواژەی تەلاق بەکاربێنێ واتە خۆی تەلاقی خۆی بخات نەك بریکارەکەی ،بەلأم بریکار دەتوانێ داوای تەلاق تۆمار بکات و مرافعەی تیا بکات وە هەروەها سەبارەت بە (تفویض)پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئایا ژنی ڕێگە پێ دراو بە تەلاق دانی خۆی تەلأقەکەی چ جۆرێکە یائنە یان رجعی.وە زانایان جیاوازیان هەیە لەسەر ئەمە هەندێکیان پێ یان وایە رجعیە و هەندێکیان پێ یان وایە بائنە. وە ئەگەر تفویض بە ڕەهایی هاتبوو واتە بەبێ دیاری کردنی جۆری تەلأقەکە ئەوە ئەو کاتە ژنەکە بۆی هەیە بەرجعی تەلأقەکە بخات کە گواسترابۆوە ،وە هەروەها بۆی هەیە بە بائن بیخات.لەبەرئەوەی مێرد ماف داری کردنی جۆری تەلأقەکەی بەکارنەهێناوە لە کاتی گرێبەستەکەدا.وە گریمان ژنی ڕێ پێدراو بە تەلاق،تەلأقی خۆی خست کە تەلأقیان رجعیە.مێردەکەی بۆی هەیە بیگێڕێتەوە بۆ عصمەتی خۆی بێ ئەوە لەسەر ڕەزامەندی ژنەکە بوەستێت.بەلأم تەلاق ژنی ڕێ پێدراو پێش گواستنەوە دادەنرێ بە تەلأقێکی بائن.

**مادەی(35)**

تەلأقی ئەو جۆرە کەسانەی خوارەوە ناکەوێ:-

1.سەرخۆش و شێت و معتوه وە زۆرلێکراو وە هەر کەسێکی تر کە تمییز(جیاکردنەوەی چاك و خراپ)ی لە دەست دابێ بە هۆی توڕەیی و کارەساتێکی لە پڕ وە یان تەمەن گەورەیی (كبر)وە یان نەخۆشی.

2.نەخۆش لە کاتی نەخۆشی سەرەمەرگ یان لە حاڵەتێکدا کە ئەگەری مردن زیاتر بێت لە ژیان ،وە ئەگەر کەسەکە بە هۆی نەخۆشیەکەی یان ئەم حاڵەتەوە مرد ئەو کاتە ژنەکەی میراتی لێ ئەگرێ.

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم کە شێتی و عتە و خەڵەفاوی بە ڕاپۆرتی پزیشکی ئەسەلێنرێ،وە سەبارەت بە سەرخۆشیش ئەگەر هاتە بەردەم دادگا پێوەی دیار بوو کە سەرخۆشەو ژیری لە دەست داوە وە بۆنی ئەلکهولی لێهات توازنی نەبوو پێویستە لە کۆنووسی داواکەدا جێگیر بکرێ وە هەروەها کەسی عصبی و توڕە بەهەمان شێوە کە پێوەی دیار بوو لەبەردەمی دادگاکە بە شێوەی خێراو مرتیك لفظ طلاقي بەکارهێناو وە جیاکردنەوەی چاك و خراپ نەکات

ئەمانە تەلاقیان ناکەوێ ،بەلام باشتر وایە و ئەگەر بکرێ بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی بسەلمێنرێ. وە تەلاقی عصبی بە هەموو شێوەکانی سەلماندن ئەبێ بسەلمێنرێ.

وە سەبارەت بە برگەی دووەم کە نەخۆشی سەرەمەرگە بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی ئەسەلمێنرێ کە نەخۆشەکە لە حالەتێکدایە ئەگەری مردنی زیاترە لە ژیان.وە سەبارەت بە حالەتەکەی تر کە ئەگەری مردن و لەناوچون زیاترە لە ئەگەری ژیان بۆ نموونە جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدام بەسەر کەسێکدا وە یان کاتی کەشتی نقوم ئەبێت لە ناو دەریادا ئەو کەسە سەرنشینەی ناوی ژنەکەی تەلاق ئەدا وە لەم کاتانەدا تەلاقەکە أعتباری پێ ناکرێ وە ژنەکەی میراتی ئەگرێ هەتا ئەگەر عدەشی تەواوبێ.

وە ئەگەر سەرنجی بدەیت برگەی دووەم ئاماژە دەدات کە تەلاقەکە ناکەوێ بەلام ئەگەر بگەرێیەوە بۆ رای زانایان پێ یان وایە ئەکەوێ بەلام ژن میراتی ئەکەوێ لەبەرئەوەی مێردەکە بەو مەبەستە تەلاقی ژنەکەی داوە تا بێ بەشی بکات لە میراتی هەر لەبەرئەوەش پێی ئەوترێ(طلاق الفار).

**مادەی 36 /ئاماژە دەدات :-**

کە تەلاقی نامنجز و بەمەرج و وە یان بەکارهاتوو بەشێوەی سوێند ناکەوێ.

مەبەست لە تەلاقی منجز ئەوەیە کە دەبێ دەستەواژەی تەلاق هەلنەواسرابێ بەمەرجێك وە یان بە دەستەواژەی داهاتوو وە یان بەشێوەی سوێند لفظي تەلاق بەکاربێت،بۆ نموونە ئەگەر مێرد بلێ (ئەگەر چویتەوە مالی باوکت تەلاقت کەوتبێ)وە یان بلێ لە (کۆتایی مانگی کانونی دووەم تەلاقت کەوتبێ)یان یلێ (بە تەلاقم ئەو کارە ناکەم)

وە تەلاقی منجز ئەوەیە (هاوسەرەکەم فلان کچی فلان کە گواستومیەوە (یان نەم گواستویەوە) تەلاقت کەوتبێ).

**مادەی(37):**

أ-هەموو پیاوێك سێ تەلاقی هەیە لەسەر ژنەکەی.

ب-تەلاقی گرێدراو بە ژمارەی لفظ و ئاماژە بە یەك تەلاق ئەکەوێ.

ج-تەلاق دراو لە سێ دانیشتنی جیا بە بائنی گەورە دادەنرێ لە مێردەکەی.واتە ئەگەر مێرد ژنەکەی تەلاق دا بە تەلاقێکی رجعی و پاشان گێرایەوە بۆ لای خۆی.وە جارێکی تر ژنەکەی تەلاق داو هەر گێرایەوە بۆ لای خۆی.وە بۆ جاری سێیەم تەلاقی دا ئەم تەلاقە دانانرێ بە رجعی وە بۆی نیە جارێکی تر هاوسەرگیری لەگەلدا ئەنجام بداتەوە،تا ژنەکە مێردێکی تر نەکات و وە بەشێوەی شەرعی و ئاسایی لە مێردەکەی جیانەبێتەوە.

وە سەبارەت بە برگەی دووەم ئاماژە دەدات بەوە کە ئەگەر مێرد دەستەواژەی تەلاقی بەکارهێناو ووتی (سێ بەسێ تەلاقت کەوتبێ)وە یان ئاماژەی دا بە دووپەنجە وە یان سێ پەنجە و ووتی (تەلاقت کەوتبێ)وە یان لەیەك دانیشتن دا چەند جارێك دەستەواژەی تەلاقەکەی بەکارهێنایەوە.لە هەموو ئەم حالەتانەدا یەك تەلاق ئەکەوێ کە تەلاقێکی رجعیە.

**مادەی 38**

**جۆرەکانی تەلاق**

أ-رجعی :-رێگە بە پیاو دەدرێ پاش ئەوەی کە تەلاقی ژنەکەی ئەدات بە رجعی بگەرێتەوە بۆ ژنەکەی بێ گرێبەند.وە گێرانەوە بەهەمان شێوەی تەلاق ئەسەلمێنرێ.

ب-لێك دابران(بائن)دووبەشە:-

1.لێك دابرانی بچوك:-ئەمە رێگەی بە پیاوداوە کە بە گرێبەندی تازە هاوسەرگیری لەگەل ژنەکەی بکاتەوە.

2-لێك دابڕانی گەورە:-بەمە پیاو بۆی نیە وە حەرامە لێی کە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنە تەلاَق دراوەکەی بکاتەوە کە لە سێ دانیشتنی جیادا تەلاَقی داوە وە عدەی تێپەڕبووە.

**بڕگەی یەکەمی مادەی (38)ئاماژە بەوە دەدات:-**

کە پیاو بۆی هەیە ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی بێ گرێبەند وە لە میانەی ماوەی شەرعی دا بێ ڕەزامەندی ژنەکە وە گێرانەوە بە ووتە ئەبێ یان بە کردار وە چۆن تەلاَق ئەسەلمێنرێ بە چ شێوازێك بەهەمان شێوازیش گێرانەوە ئەسەلمێنرێ.

وە تەلاَقی رجعی کاتی ئەبێت کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:-

1.ئەبێ دوای گواستنەوەی ژنەکەی بێت وە گواستنەوەیەکی راستەقینە.

2.نابێ بە بەرامبەر بێت وەکو لە مخالعەدا هاتووە.

3.نابێ پیاوەکە سێ جار ژنەکەی تەلاَق دابێت چونکە لەم حاڵەتەدا ئەبێت بە لێك دابڕانی گەورە.

4.ئەگەر حکمی دادگا دەرچوو بە جیابونەوە بە هۆی خەرجی نەکێشانی مێرد بۆ ژنەکەی.

**حوکمی تەلاَقی رجعی:-**

تەلاَقی رجعی کارناکاتە سەر پەیوەندی هاوسەرگیری وە هیچ شتێك لە حوکمە جێگیرەکانی هاوسەرگیری ناگۆڕێ تا لە میانەی عدە دابێت.

**بڕگەی دووەم لە هەمان مادە ئاماژە دەدات:-**

أ-**لێکدابڕانی بچوك** :- لەمەدا مێرد بۆی هەیە هاوسەرگیری بکاتەوە لەگەڵ ژنە تەلاَق دراوەکەی بە گرێبەندی تازەو وە بە ڕەزامەندی ژنەکە،لە کاتی عدەدا وە یان دوای عدە مادام لە عصمەتی پیاوێکی تردا نیە.

وە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا تەلاَق دادەنرێ بە تەلاَقی لێکدابڕانی بچوك (بائن بینونە صغری).

1.ئەگەر پێش گواستنەوەی راستەقینە بوو وە بە پێی فقی حنفی دوای خلوەی راستەقینەش هەر دادەنرێ بە لێکترازانی بچوك.

2.ئەگەر تەلاَقەکە بەرامبەر پارەو دارایی بوو کە ژنەکە بیدات بە پیاوەکە وەیان دەست بەرداری مافێکی خۆی بێت

.

3.ئەگەر عدەی شەرعی تەلاَق دراوەکە تەواو بوو.

4.ئەگەر بە حوکمی دادگا جیابوونەوەی ژن و مێرد کرا.

5.ئەگەر مێرد ڕەدی کردەوە کە ببێت بە موسڵمان پاش ئەوەی ژنەکەی بوو بە موسڵمان و دادگا جیای کردنەوە،وە ئەمەش رای هەندێك لە زانایانە کەبە لێکدابڕانی بچوك دادەنرێ.

**ب-لێکدابڕانی گەورە(بینونە کبری):-**

لەم حاڵەتەدا پیاو ژنەکەی لێ حەرام دەبێت بە کاتی ،وە بۆی نیە لەگەڵ ژنە تەلاَق دراوەکەی،کە سێ جار لە دانیشتنی جیادا تەلاَقی داوە وعدەی تێپەڕیوە، هاوسەرگیری ئەنجام بداتەوە.

بەو مانایە کاتێ پیاو سێ تەلاقەکەی تەواو دەبێت،بۆی نیە هاوسەرگیری بکاتەوە لەگەڵ ژنە تەلاق دراوەکەی،تا شوو بە پیاوێکی تر دەکاتەوە وە دەیگوازێتەوە وە گواستنەوەیەکی راستەقینە(الدخول الحقیقی)پاشان بە ئاسایی لێك جیادەبنەوە بە تەلاق بێت یان جیاکردنەوەی دادگایی وە یان مردن وەعدەی تێپەڕبێت،

**چەند تێبینیەکی گشتی:-**

1.ئەگەر پیاو داوای پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی تۆمار کرد وە ووتی لە فلاَن بەروار ژنەکەی تەلاق داوە ،وە ژنەکەشی راستی ئەمەی سەلماند ئەوە حوکم دەرئەچێ بە پەسەند کردنی تەلاقەکە ،لەو بەروارەوە کە داوای کردوە واتە لە بەرواری کەوتنی تەلاقەکەوە،بەلاَم ئەگەر ژنەکە نکوڵی لێ کرد ئەو کاتە پیاوەکە رادەسپێرێ بە سەلماندن وە ئەگەر توانی بیسەلمێنێ ئەوە حوکم دەرئەکرێ بە پەسەند کردنی تەلاقەکە لە بەرواری کەوتینەوە لە دەرەوەی دادگا،وە ژنەکە پابەند دەکرێ بەعدەی شەرعیەوە.

بەلاَم ئەگەر داواکار(پیاوەکە)دەستە وەستان بوو لە سەلماندنی داواکە ئەوە ئەو کاتە ماف دەدرێ بە داواکار کە سوێندی پێ نەزانین(عدم العام) ئاراستەی داوا لەسەرکراوی هاوسەری بکات،وە کە سوێندی خوارد حوکم دەری بە کەوتنی تەلاقەکە لە بەرواری یەکەم دانیشتنی دادبینی کە داواکار تیایدا تیانوسی داواکەی دووبارە کردۆتەوە و أقراری بە تەلاقەکە کردوە،بەو مانایە بەرواری دووبارەکردنەوە وە تیانووسی داواکە بە بەرواری کەوتنی تەلاقەکە دادەنرێ نەك ئەو بەروارەی کە داواکار ادعای کردوە کە لە دەرەوەی دادگا لفظي تەلاقی بەکارهێناوە.بەلاَم ئەگەر داوا لەسەر کراو(ژنەکە)سوێندی نەخوارد ئەو کاتە حوکم دەدرێ بە پەسەند کردنی تەلاقەکە لە بەرواری کەوتنی لە دەرەوەی دادگا،وە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ چاوپۆشی لەو تەلاقە بکرێ کە داواکار ادعای دەکات کە لە دەرەوەی دادگا بە کاری هێناوە وە کەوتووە.

2.لە داوای پەسەندکردنی تەلاقی خارجی وە داوای پوچەڵ کردنەوەی گرێبەندی هاوسەری کاتی کە حەرامی کاتی وە یان هەمیشەیی لە نێوانی ژن و مێردەکەدا هەیە وە لە داوای جیابوونەوەی ژن و مێرد لەە هاوسەرگیریەکی ناراستەقینە، ناکرێ:-

أ-پوچەڵکردنەوەی تیانوسی داوا لەسەر داواکاری داواکار بە پێی مادەی 88 لە یاسای دادبینی شارستانی.

ب-پوچەڵ کردنەوەی تیانوسی داوا بە داواکاری داوا لەسەرکراو بە پێی مادەی 2/56 لە یاسای باری شارستانی.

ج-بەجێهێشتنی داوا بۆ گەرانەوە بۆی وە یان پوچەڵ کردنەوەی تیانوسی داوا ئەگەر داواکەی بەجێهێشت بۆ جاری یەکەم نەهاتنەوە بۆ تازەکردنی بەپێی بڕگەی (3،2،1)لە مادەی 56لە یاسای دادبینی شارستانی.

د-پێك هاتن لەسەر وەستاندنی دادبینی بۆ ماوەی سێ مانگ بەپێی مادەی82 لە یاسای دادبینی شارستانی وە هەروەها ناکرێ پێك هاتن لە نێوانی لایەنەکانی داوادا بکرێ کە پێك هاتنەکە حەلاَڵ حەرام بکات و حەرام حەلال بکات،وە دادگای باری کەسی یاسای دادبینی شارستانی کاتێ جێبەجێ بکات کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی داوای شرعی وە ئەگەر بەندێکی یاسای ئاماژە پێ کراو نەگونجا لەگەڵ سروشتی داوای شەرعی ئەوە نابێ جێبەجێ بکرێ،لەبەرئەوەی ئەم جۆرە داوایانە پەیوەندیان بە سیستەمی حسبەوە هەیە.

3.داوای خەرجی ژن لەگەڵ داوای تەلاق یەکناخرێ وە هەروەها داوای گوێڕایەڵی لەگەڵ داوای تەلاق یەکناخرێ.

4.نکوڵی کردنی مێرد لە کەوتنی تەلاقی رحعی کە ژن ادعای دەکات ،بە حوکمی گەرانەوە بۆ هاوسەرەکەی دادەنرێ.

5.میرات نەگرتنی ژن و مێرد لە یەکتری لە تەلاقی لێکدابڕانی بچوك و تەلاقی لێکدابڕانی گەورە ،بەلام لە تەلاقی ڕاکردوو (طلاق الفار)میراتی دەگیرێ هەر وەکو پێشتر باسی لێ کرا.

6.لە داوای تەلاق و جیاکردنەوە وە لەسەر داواکاری ژن دادگا بڕیار دەدات بە مانەوەی ژنە تەلاق دراوەکە و نیشتەجێ بوونی لە خانوو یان شقەی مێردە تەلاق دەرەکەی کە بە یەکەوە تیایدا ژیاون کە ملکداری خانوەکە یان شقەکە بگەڕێتەوە بۆ مێردەکە،وە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ کرێ ،وە ئەم بڕیارە لە داوای تەلاقەکە یان جیاکردنەوەکە دەردەچێ وە بە داوای جیا ناکرێ بەپێی یاسای ژمارە (77)ی ساڵی 1983 .

## مەرجەکانی مافی ژنی تەلاق دراو بە نیشتەجێ بوون

1-پێویستە ژنەکە داوا بکات بە مافی نیشتەجێ بوون لەو دادگایە کە سەیری داوای تەلاقەکە یان جیابونەوەکە دەکات لەو خانوە یان شقەیە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی تیایدا نیشتەجێ بوە کاتی پێش تەلاق یان جیابوونەوە بە مەرجێك ملکداری بۆ پیاوەکە بگەڕێتەوە،وە ئەمە خانوو یان شقەی میری وە یان کرێ وە یان ڕەهن ناگرێتەوە.

2-پێویستە لە داوای تەلاقەکە یان جیابوونەوەکە بڕیار دەرکرێ بە مانەوەی ژنە تەلاق دراوەکە لە خانوەکە یان شقەکە،وە بە داوایەکی جیا و سەربەخۆ لە داوای تەلاق یان جیابوونەوە ناکرێ.

3-نیشتەجێ بوونی ژنی تەلاق دراو لە خانوو یان شقە بۆ ماوەی سێ ساڵە بەبێ کرێ وە لەو بەروارەوە دەست پێ دەکات کە مێردە تەلاق دەرەکە خانوەکە یان شقەکەی چۆڵ کردەوەو بەجێی هێشتووە پاش تەلاق یان جیابوونەوە.وە بەتێپەڕبوونی سێ ساڵەکە کۆتایی پێ دێت.

4-دەبێ ژنە تەلاق دراوەکە زیان بە خانوەکە یان شقەکە نەگەیەنێ جگە لە زیانی بچوك و سادە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەکەوێتەوە.

5-پێویستە هیچ کەسێك لەگەڵ ژنە تەلاق دراوەکە نیشتەجێ نەبێت جگە لەو کەسانەی کە لە باوەشی دایە(دایەنی)واتە ئەو کەسانەی کە مێردە تەلاق دەرەکە بەرپرسیارە لە بەخێوکردنیان،وە جگە لە یەکێك لە کەسە محرەمەکانی وەکو ڕەچەڵەك و بنەچە (الاصل و الفرع)وە یان خاڵ وە یان مام.دەبێ لەمانە مێینەی تیا نەبێت کە تەمەنی دایەنی تەواو کردبێ،وە بە ڕوونتری بڵێین پێویستە کاتێ کە مێینە لە خانوەکە دادەنیشێ لەو کەسانە بێت کە پیاوەکە بەرپرسە لە بەخێوکردنیان.

## ئەو حاڵەتانەی کە ژنی تەلاق دراو بێ بەش دەبێت لە مافی نیشتەجێ بوون

1-ئەگەر تەلاق یان جیابوونەوە ڕووی دا بە هۆکاری خیانەتی ژنەکە وە یان ناچیزە بوونی.

2-ئەگەر ژنە تەلاق دراوەکە ڕەزامەند بوو لەسەر تەلاق و جیابوونەوە وە کاتێ ڕەزامەندی ژن بەدی دێت کە ڕێگە پێدراو بوو (تفویض)بە تەلاق وە خۆی لەسەر ئەو ڕێگە پێدانە تەلاقی وەرگرت ،وە یان پێش گواستنەوە ژن بە ئارەزوو نەکردن بە هاوسەرگیری داوای جیابوونەوە دەکات.

3-ئەگەر جیابونەوەی ئارەزوومەندانە(مخالعە)ڕوی دا لە نێوان ژن و مێردا.

4-ئەگەر ژنە تەلاق دراوەکە بە تەنیاو بە سەربەخۆیی خانوویەك یان شقەیەکی نیشتەجێ بوونی هەبوو ،بەلام ئەگەر پشکی هەبوو لە خانوویەك یان شقەیەکی نیشتەجێ بوون ئەوە مافی نیشتەجێ بوون بێ بەش نابێت.

## جیابوونەوە بە هۆی دادگا

**مادەی /40**

بۆ هەر یەکێك لە ژن ومێرد هەیە داوای جیابوونەوە بکات ئەگەر یەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوە هەبوو:-

1-ئەگەر یەکێك لە ژن و مێرد زیانی بەوی تریان گەیاند وە یان بە منداڵەکانیان زیانێك بە بوونی ژیانی هاوسەری ئەستەم بێت .وە ئەوەی کە بە زیان دادەنرێت ئاڵودە بوون بە بەکارهێنانی مادده سەرخۆش کەرەکان و مادده سڕکەرەکان،وە ئاڵودەبوون بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆڕ ئەسەلمێنرێ وە هەروەها قومارکردن لە ماڵی هاوسەری.

وە لێرەدا مەبەست لە زیان،زیانی گەورەیە (الجسیم)کە بە هۆی ئەم زیان گەیاندنە ژیانی هاوسەری ئەستەم دەبێت وەکو دەست درێژی کردنە سەر ژنەکە لەلایەن مێردەکەوە وە یان بە پێچەوانەوە وە یان لەسەر ماڵ بەمەرجێك کە دەست درێژکردنێکی بە ئازارو سوێ بێ.وە زیانی گەورە قەتیس نەکراوە بەڵکو ئەم دوو حاڵەتەی کە لە مادەکەدا هاتووە بە نموونە باس کراوە،وە لێرەدا گرنگ ئەوە زیاتر بێت لە ناکۆکی نەگونجان.

2-ئەگەر یەکێك لە ژن و مێرد خیانەتی هاوسەرگیری لەوی تر کرد.

ئەم بڕگەیە ئاماژە بەوە دەدات کە هەر یەکێك لە ژن و مێرد بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لەوی تر بکات بە هۆی خیانەی هاوسەرگیریەوە وە خیانەتی هاوسەری گشتگیر ترە لە تاوانی زینا ،بە جۆرێك کە دەستپێشکەری و پێشەکیەکانی زنا بە خیانەی هاوسەری دادەنرێ بۆ نموونە ماچ و مۆچ و دەست بازی و باوەش پیاکردن وە یان بینیان لە ژوورێك بە تەنیا بە جلی نائاسایی و خەوتنەوە.وە ئەنجامدانی فعلی لواطە نێر لەگەڵ نێر وە یان پیاو لەگەڵ ژنەکەی خۆی.

3-ئەگەر گرێبەندی هاوسەری ئەنجام دراو یەکێکیان هەژدە ساڵی تەواو نەکرد بوو وە بەبێ ڕەزامەندی دادوەر بوو.

ئەم بڕگەیە بۆ پاراستن و حمایەکردنی هەرزەکارانە کە هەژدەساڵیان تەواو نەکردوە لە دەرەوەی دادگا هاوسەرگیریان ئەنجام داوە بێ ڕەزامەندی دادوەر ئەو کاتە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات .بەڵام لێرەدا ئەبێ سەرنج بدرێ کاتێ هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام ئەدرێ وە یەکێکیان هەژدەساڵی تەواونەکردوە وە بە ئاگاداری و ئامادەبوونی ولی شرعی بووە وە ولی شرعیش أختیاری باشە وە گرێبەندەکەش سەرجەم مەرجەکان و رکنەکانی تیایە بە دروستی ئەو کاتە حوکم نادرێ بە جیابوونەوە تەنها لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دادگا گرێبەندەکە ئەنحام دراوە.

4-ئەگەر هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام درا بە زۆرکاری وە گواستیشیەوە.

ئەم بڕگەیە ئاماژە دەدات بەوە کە هەر یەکێك لە ژن و مێردەکە کاتی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن لە ژێر فشارو زۆرکاری لە دەرەوەی دادگا وە گواستنەوەش ڕوودەدات بۆیان هەیە داوای جیابوونەوە بکەن ،وە لێرەدا مەرجی گواستنەوە هەیە لەبەرئەوە ئەگەر لە ژێر فشاردا گرێبەندێك ئەنجام درا وە نەگواسترابۆوە ئەو کاتە گرێبەندەکە پوچەڵە.وە لێرەدا پێویست بە داواکاری جیابوونەوە ناکات.چونکە جیابوونەوە لەسەر گرێبەندی هاوسەرگیری پوچەڵ ناکرێ.

بەڵام بە گواستنەوە گرێبەندی ئەنجام دراو لە ژێر فشاردا لە گرێبەندی نادروستەوە ئەبێ بە گرێبەندی دروست،وە ئەو کاتە داوای جیابوونەوە بەو هۆکارە ڕووی یاسایی تیایە.

5-ئەگەر مێرد ژنی دووەمی هێنا بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتنی لە دادگا.

وە لەم حاڵەتەدا ژنی یەکەم بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات بەو هۆکارە کە مێردەکەی ژنی دووەمی هێناوە بەبێ ازنی دادوەر ،وە ئەگەر داوای جیابوونەوەی کرد بۆی نیە داوای سزایی تۆمار بکات لەسەر مێردەکەی.

**مادەی41 :-**

1- بۆ هەر یەکێك لە ژن یان مێرد هەیە داوای جیابوونەوە بکات لە کاتی دروست بوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا،ئەگەر پێش گواستنەوە بێت یان دوای گواستنەوە.

2- پێویستە لەسەر دادگا لێکۆڵینەوە بکات لە هۆکارەکانی ناکۆکی ،وە ئەگەر سەلمێنرا کە ناکۆکی هەیە لە نێوانیاندا،ناوبژیوان لە کەس وکاری ژن دادەنرێت وە هەروەها ناوبژیوانیش لە کەس و کاری مێرد ،ئەگەر ناوبژیوانان لە کەس و کار هەبوو،بۆ سەیرکردن و چارەسەرکردنی کێشەکەیان،بەلاّم ئەگەر ناوبژیوان لە کەس و کاریان نەبوو دادگا هەر دوولا رادەسپێررێ بە هەڵبژاردنی دوو ناوبژیوانی تر وە ئەگەر پێك نەهاتن لەسەر ئەمە ،دادگا ناوبژیوان هەڵدەبژێرێ.

3- پێویستە لەسەر هەر دوو ناوبژیوان کە هەوڵبدەن بۆ پێك هێنانە وە ئەگەر نەیانتوانی ئەبێ بە دادگا رابگەیەنێن وە ڕوونی بکەنەوە کە کام لایەنە کەم و کورتی هەیە .ئەگەر جیاوازیان هەبوو دادگا ناوبژیوانی سێیەم ئەخاتە پاڵیان.

4- أ-ئەگەر بۆ دادگا سەلمێنرا ناکۆکی بەردەوام هەیە لە نێوان ژن و مێردەکە،وە نەیتوانی پێکیان بێنێتەوە ،وە مێرد ژنەکەی تەلاّق نەدا ،دادگا حوکم دەردەکات بە جیابوونەوە.

ب-ئەگەر جیابونەوە پاش گواستنەوە بوو وە کەم کوڕی لەلایەن ژنەکەوە بوو مارەیی پاشەکی ناکەوێ ،ئەگەر داواکار بێت یان داوا لەسەرکراوبێت،وە ئەگەر هەموو مارەییەکەی وەرگرتبوو پابەند دەکرێ بە گێڕانەوەی نیوەی مارەییەکە،بەلاّم ئەگەر کەم و کوڕی و خەتا لە هەردووکیان بوو ،مارەیی پاشەکی بەش دەکرێ لە نێوانیاندا بە ڕێژەی خەتای هەر لایەکیان.

ج-ئەگەر جیابوونەوە پێش گواستنەوە بوو وە سەلمێنرا کە خەتا لە ژنەکەیە ،ئەو کاتە پابەند دەکرێ بە گێڕانەوەی ئەو مارەییە پێشەکیەی کە وەری گرتوە.

ئەم مادەیە ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ هەر یەکێك لە ژن و مێرد هەیە داوای جیابوونەو بکات بەهۆی بونی ناکۆکی لە نێوانیاندا وە ناکۆکیش بریتیە لەو لێکترازانەی کە دروست دەبێت لە نێوان ژن و مێرد وە لێکترازانەکەش ناگاتە ئاستی زیان گەیاندنی گەورە بەڵکو کەمترە لە زیانی گەورە وە ئەمەش بە جۆرێکە کە ژیانی هاوسەری ئەستەم و تاڵ دەکات.وە کاتێ داوا تۆمار دەکرێت بە جیابونەوە بە هۆکاری ناکۆکی ئەبێ دادگا لێکۆڵینەوەی تەواو بکات لەسەر بوونی ناکۆکیەکە وە هۆکارەکانی دروست بوونی بەهۆی گوێگرتنی دادگا بۆ شایەد و سەیرکردن و تێڕوانینی ئەو دۆسیەی لێکۆڵینەوەی سزایی لە دادگاکانی تر ،وە بوونی ناکۆکی و لێکترازان لە نێوان ژن و مێردا کە ببێتە مایەی سەرئێشەو تاڵ کردنی ژیانی هاوسەری وە پێویست بە جیابونەوە بکات مەسەلەیەکی بابەتیەو دادگای موضوع ئەیخەمڵێنێ.وە پاشان پێویستە لەسەر دادگا کە هەردوو لایەنی داواکە ڕەوانەی توێژەری کۆمەلاّیەتی بکات بۆ کۆبوونەوە کردن لەگەڵیاندا و دواندنیان و توێژینەوەی کێشەکەیان،وە ئەگەر جێگری داواکاری گشتی هەبوو بانگ دەکرێ بۆ داواکەو دادبینی کردن.وە پاش ئەوەی بۆ دادگا ساغ دەبێتەوەو ئەسەلمێنرێ کە ناکۆکی هەیە لە نێوانیاندا و پێك نایەنەوە ،ئەوە ئەو کاتە دادگا هەر یەك لە ژن و مێردەکە رادەسپێرێ بە دەست نیشان کردنی ناوبژیوان لە کەس و کاریان بەمەبەستی پێك هێنانەوە

یان و چارەسەرکردنی کێشەکەیان،وە دیاری ڕێژەی خەتای هەر یەکێکیان بەلاّم کە ناوبـژیوان لـە کـەس و کاریـان نـەبوو لە خەڵکی تر دەست نیشان دەکەن وە ئەگەر نەیانتوانی ناوبژیوان بۆ خۆیان دابنێن ئەو کاتە دادگا خـۆی ناوبـژیوانیان بۆ دیاری دەکات کە توانای پێکهێنانەوەو ئاشتکردنەوەیان هەبێت.

وە ئەگەر دوو ناوبژیوانەکە نەیانتوانی ژن ومێردەکە ڕێکبخەنەوەو ئاشتیان بکەنەوە وە جیاوازیان هەبوو لە دیـاری کردنـی ڕێـژەی خـەتای ژن و مێردەکـە ئـەوە ئـەو کاتـە دادگـا ناوبـژیوانی سـێیەم دیـاری دەکـات،وە تـێ دەگەیـەنرێ لـە ئەرکەکەی کە هەڵسێت بە کۆبوونەوەکردن لەگەڵ ژن و مێردەکە بـۆ پێکهێنانـەوەیان و چارەسـەرکردنی کێشـەکەیان وە ئەگەر نەیتوانی ڕاوسەرنجی خۆی ئەخاتە ڕوو لە ڕاپۆرتەکەی کە ناکۆکی و نەگونجانی بەردەوام هەیە لـە نێوانیانـدا وە شیاوی چارەسەرکردن نیە هەرچەندە هـەموو هەوڵـەکانی خـۆی خسـتۆتە گـەڕ لـەم پێنـاوەدا بـەلاّم هـیچ ئاکامێکی بـە دەست نەهێناوە،وە هەروەها ڕێژەی خەتاو کەمتەرخەمی ژن و مێردەکە دیـاری دەکـات،وە ئـەگـەر مێـرد ژنەکـەی تـەلاّق نەدا ئەوە دادگا حوکم دەردەکات بە جیابونەوەیان،وە ئەگەر خەتاو کەم و کوڕی لە ژنەکـە بـوو وە گواسـترابۆوە مـارەیی پاشـەکی ناکـەوێ بـەلاّم ئـەگـەر هـەموو مارەییەکـەی بـە یـەکجار وەرگرتبـوو پێویسـتە لەسـەری نیـوەی مارەییەکـە بگەڕێنێتەوە بۆ مێردەکەی.بەلاّم ئەگەر ژنەکە نەگواسـترابۆوە وە خـەتا لـە خـۆی بـوو ئـەو کاتـە پێویسـتە هـەموو ئـەو مارەییەی کە وەری گرتوە لە پێشەکیەکەی بیگەڕێنێتەوە بۆ مێردەکەی،جا ئەگەر داواکار بێت یان داوا لەسەرکراو.

بەلاّم ئەگەر خەتاو کەم تەرخەمی و کەم و کـوڕی لـە مێـرد بـوو ،حـوکم دەردەکـرێ بـێ ئـەوەی هـیچ باسـی مـارەیی بکرێ.

وە ئەگەر خەتا لە هەردووکیان بوو ئەوە هەریەکە بە پێی ڕێژەی خەتاکەی بەرپرس دەبێت لە دەرئەنجامەکەی ،بـۆ نموونـە ئـەگـەر ناوبـژیوانان ڕێـژەی خـەتای ژنەکـەیان خەملاّنـد بـە 30٪وە گواسـترابۆوە،وە مـارەیی پاشـەکیەکەی (100)لیرەی ئاڵتونی رشادی بێت، ئەوە دادگا بڕی سی لیرەی ئەبڕێ،بەلاّم خـەتای هـەردووکیان وەکـو یـەك وابـوو ئـەوە دادگا نیوەی مارەییەکەی لێ ئەبڕێ.

**مادەی 42**

ئەگەر داوای جیابونەوە بـەهۆی نەسـەلماندنەوە ڕەدکرایـەوە کـە بـە یـەکێك لـە هۆکارەکـانی مـادەی(40)لـەم یاسـایە کرابوو ،وە بڕیارەکەش پلەی کۆتایی وەرگرتبوو،پاشان داوای دووەم تۆمارکرا بە جیابونـەوە بـە هـەمان هۆکـار ،یەکسـەر پێویستە دادگا پەنا بەرێتە بەر ناوبژیوان بەو پێیەی کە لە مادەی(41)دا هاتووە.ئەم مادەیە ئاماژە دەدات کە کـاتێ ژن یان مێرد داوا تۆمار دەکات بە جیابونەوە بە هۆکاری زیان گەیاندن ،بـەلاّم نـاتوانێ زیانەکـە بسـەلمێنێ لەبەرئـەوە داوای داواکار ڕەد دەکرێتەوە،وە بڕیارەکەش پلەی کۆتایی بە دەست دەهێنێ،بـەلاّم پاشـان داواکـار دووبـارە داوایـەکی تـر تۆمـار دەکات بەهەمان هۆکار واتە بە زیان گەیاندن کە لە داواکەی پێشودا باسی کردوە ،ئـەو کاتـە پێویسـتە دادگـا دەسـتبەجێ بچێ بۆ ناوبژیوانی بە گوێرەی أحکامی مادەی(41)لە یاسای باری کەسی کە پێشتر باسی لێ وەکرا.

وەلێرەدا جێگەی باسە کە ئاماژەیەك بە دوا ئاراستەی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان بدەین لەمـەڕ ئـەم جـۆرە داوایانە،وە دادگای تمیز بە زۆرینە پێیان وایە کـە پێویسـتە دادگـای موضـوع لـە داوای دووەم کـە ئـەچێ بـۆ ناوبـژیوانی ،ناوبژیوانەکان تێبگەیەنێ کە چ لایەنێك سوورە لەسـەرجیابونەوە،بۆ نمونـە ئـەگـەر ژن داواکاربوو وە سـور بـوو لەسـەر جیابوونـــەوە ئـــەوە ئـــەو کاتـــە دادگـــا حـــوکم دەردەکـــات بـــە جیابونـــەوە بـــەلاّم مـــارەیی پاشـــەکی ناکەوێ.

**مادەی43:-**

**یەکەم/**ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات ئەگەر یەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوە هەبوو:-

1-ئەگەر مێردەکەی حوکم درا بە سزای کۆت کردنی ئازادی بۆ ماوەی سێ ساڵ و زیاتر ،هەتا ئەگەر سامانیشی هەبێت،وە ژنەکە بتوانێ بژێوی خۆی لەسەر دیاری بکات.

وە لەم بڕگەیەدا دەردەکەوێ کە ژن ناچار ناکرێ چاوەڕێی مێردەکەی بکات تا لە زیندان ئازاد دەکرێ،وە دوای ئەوەی مێردەکەی سزا دەدرێ بە حبس کردن بۆ ماوەی سێ ساڵ وە زیاتر وە کە بڕیاری حوکمەکە پلەی کۆتایی وەرگرت ژنەکە بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات ،بێ ئەوەی پێویست بێت ماوەیەك تێ پەڕێ بەسەر حبسەکە یان زیندانیەکەدا.

2-ئەگەر مێرد ژنەکەی بە جێهێشت بۆ ماوەی دوو ساڵ و زیاتر بەبێ پاساوی بەجێ،وە هەتا ئەگەر شوێنی دانیشتنی زانراو بوو وە سامانیشی هەبوو وە ژنەکە بتوانێ بژێوی خۆی لەسەر دابین بکات .

وە لەم بڕگەیەشد دەردەکەوێ کە ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات کاتێ مێردەکەی بەجێی ئەهێڵێ بۆ ماوەی (2) ساڵ و زیاتر بێ پاساوی بەجێ .وە لێرەدا مەبەست لە بەجێهێشتن (هجر)،بەجێهێشتنە لە جێگەی هاوسەری بەو مانایە کە ماوەی دوو ساڵ سەر جێگایی نەکات و بەیەکەوە نەخەون ،وە ئەبێ ئەم هجرەش بێ پاساوو بیانوی بەجێ بێت،وە مەسەلەی پاساوی بەجێ مەسەلەیەکی بابەتیەو لە تایبەتمەندی دادگای موچوعە کە تقدیری بکات، بۆ نمونە سەفەر کردن بۆ خوێندن وە یان نەخۆشی و چارەسەرکردن دادەنرێ بە پاساوی بەجێ.

وە بەپێی ئەم برگەیە مەرج نیە مێردەکە شوێنی دانیشتنی نەزانراو بێت هەتا ئەگەر زانراویش بێت ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات ،وە بە هەمان شێوە مەرج نیە خەرجی و بژێوی بۆ بەجێهێشتبێ وە هەتا ئەگەر مێرد خاوەن سامانیش بێت وە خەرجیشی بۆ دانابێ ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات.

3-ئەگەر مێرد لە ماوەی دوو ساڵ دا لە بەرواری گرێبەندەکەوە داوای لە ژنەکەی نەکرد کە نەی گواستۆتەوە بۆچونە ناو کەژاوەی هاوسەرێتیەوە ،وە بە داواکاری چونە ناو کەژاوەی هاوسەری ناژمێررێ ئەگەر مێرد مافەکانی ژنەکەی نەدابێ.

لەم بڕگەیەشدا بە هەمان شێوە ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات لە دەستگیرانەکەی لە کاتێکدا کە لە ماوەی دوو ساڵی مارەبڕینیاندا مێردەکە داوای نەکردوە کە لەگەڵ ژنەکەی بچنە ماڵ و حاڵی خۆیان و کەژاوەی هاوسەرێتیەوە.وە هەتا ئەگەر داواشی کردبێ کە بیگوازێتەوە و ئارەزوو بکات بە چونە ناو کەژاوەی هاوسەریەوە،ژنەکە بۆی هەیە کە داوای جیابونەوە بکات کاتێ مێرەکە مارەیی پێشەکی نەدابێ وە ماڵی شەرعی سەربەخۆی دابین نەکردبێ بۆ ژنەکە.

4-ئەگەر مێردەکە عنین بوو وە یان توشی دەردێك بوو کە نەتوانێ بەو هۆیە هەستێ بەجێبەجێ کردنی ئەرکی هاوسەری جا ئەگەر هۆکارەکانی ئەندامی بێت یان دەروونی بێت،وە ئەگەر دوای گواستنەوەی توش بوو وە بەڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی پشپۆڕ سەلمێنرا کە چاك نابێتەوە ،بەلاَم ئەگەر دادگا سەرنجی دا هۆکارەکەی دەروونیە پێویستە جیابونەوەکە دوا بخات بۆ ماوەی یەك ساڵ بەمەرجێك ژنەکە ڕێگا بدات بە پیاوەکە .

بەپێی ئەم برگەیەش ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات کاتێ کە مێردەکەی ناتوانێ مباشرەی بکات بەهۆی عنەوە جا دەروونی بیت یان ئەندامی،وە یان هەر نەخۆشیەکی ئەندامی تر کە توشی ئەندامی نێرینەی بێت،وە لێرەدا جیاوازی نییە کە ئەم نەخۆشیە پێش گرێبەند و گواستنەوە هەبوبێ یان دوای ئەوە توش بووبێت.

وە ئەگەر پش گواستنەوە توشی نەخۆشیەکە بوو پێویستە بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی بسەلێنرێت وە چاکبوونەوەشی نەبێت,بەلاّم ئەگەر هیوا هەبێت بۆ چاکبوونەوەی ,جیابوونەوەکە بۆ ماوەیەك دوائەخرێت وە تا دوا دەرەنجامی راپۆرتی لیژنەی پزیکی .وە لێرەدا واتە لە حاڵەتی عنەی ئەندامی و لە ماوەی دواخستنی داواکە ژنەکە ناچار ناکرێت کە لەگەڵ پیاوەکە سەرجێگەیی بکات و لەگەڵیدا بخەوێت.

بەلاّم ئەگەر عنەکە دەروونی بوو وە نەزانرا ئاخۆ مێردەکە چاك دەبێتەوە یان نا ئەوا دادگا داواکە دوا دەخات بۆ ماوەی یەك ساڵ و پێویستە لەم ماوەیەدا ژنەکە لەگەڵ پیاوەکەدا بخەوێت و خۆی تسلیم بکات رێگری لێ نەکات,وەئەگەر نا داواکەی رەد دەکرێتەوە.

5- ئەگەر مێرد نەزۆك بوو,یان دوای هاوسەرگیری توشی نەزۆکی بوو وە ژنەکە منداڵی نەبوو لێی کە لە ژیندا بێت.

ئەم برگەیە ئاماژە بە نەزۆکی پیاو دەکات,خۆ ئەگەر ژن نەزۆك بێت ئەوە پیاو بۆی نیە داوای جیابوونەوە بکات ,چونکە بەپێی مادەی 39 دەتوانێ داوای تەلاّق تۆمار بکات وە جگە لەمەش بۆی هەیە ئیزن وەربگرێت بە هێنانی ژنی دووەم.

وە ئەم برگەیە ئاماژەی بەوە داوە کە نەخۆشی نەزۆکی مەرج نییە پێش پرۆسەی هاوسەرگیری توشی پیاوەکە بووبێت یان دوای ئەوە لەپر توشی بووبێت, لە هەردوو حاڵەتدا ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات بەمەرجێ منالی لێنەبووبێ,وەئەگەر یەك منالی بووبێت ولە ژیاندا مابێت بۆی نیە داوای جیابوونەوە بکات,جا ئەگەر منالەکە نێر بێت یان مێ.وە نەزۆکی بە راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەندەوە ئەسەلێنرێ.وە مەبەستیش لە نەزۆکی ئەوەیە کە هیوای چاکبوونی نەبێت,خۆ ئەگەر راپۆرتەکە ئاماژەی دا کە هیوای هەیە لە ماوەیەکدا چاك ببێت ئەوە داواکەی رەد دەبێتەوە.

6-ئەگەر دوای گرێبەستەکە مێردەکەی توشی دەردێك بوو ، وە بەمەو لەئەنجامی پێکەوە ژیان زیانی پێ بگەیەنێ وەکو جزام و برص و سیل و زهری و شێتی ، وەیان پاشتر توشی دەردێك لەم دەردانە وەیان دەردی لەم جۆرە بوو ،وە دوای پشکنینی پزیشکی کە دادگا سەرنجی دا دەردەکە شیاوی چارەسەرە،ئەبێ جیابونەوە دوابخرێ هەتا نەمانی دەردەکە،وە ژنەکە بۆی هەیە بەدرێژایی ماوەی دواخستنەکە سەرجێی نەکات لەگەڵ مێردەکەیدا.بەلاّم ئەگەر دادگا سەرنجی دا کە دەردەکە شیاوی چارەسەر نیە لە میانەی ماوەیەکی گونجاودا وە مێردەکەشی تەلاّقی نادات و ژنەکەش سور بوو لەسەر جیابونەوە،ئەوە دادوەر حوکم دەردەکات بە جیابونە.

بەپێی ئەم بڕگەیە ژن بۆی هەیە کاتێ دەبینێ مێردەکەی توشی دەردێك لەم دەردانە بوە داوای جیابونەوە بکات ،جا ئەمە دوای گرێبەستەکە بێت واتە پێش گواستنەوە،وە یان پاش گواستنەوە بێت ،وە ئەم دەردانەش کە لە بڕگەکەدا ناویان هاتووە بە نموونە باس کراوە واتە قەتیس نەکراوە بەڵکو دەکرێ ژن داوای جیابونەوە بکات بەمەرجێك مێردەکەی توشی دەردێکی تر بوبێ واتە جگە لەم دەردانەی کە باس کراوە وە گرنگ ئەوەیە دەردەکە مەترسی دارو گواستراوە بێت وەکو ئەم دەردانەی کە باس کراوە.وە بێ گومان دادگا لە رێگەی راپۆرتی لیژنەی پزیشکیەوە دوای ئەوەی دەبینێ دەردەکە شیاوی چارەسەرکردن و فەوتانە،داواکە دوادەخات هەتا مێردەکە دەردەکە دەپەڕێنێ،ئەو کاتە ژنەکە مافی ئەوەی هەیە کە سەرجێی نەکات لەگەڵ پیاوەکەی بەدرێژایی ماوەی دواخستنی داواکە ، بەلاّم ئەگەر لەم ماوەیەدا مێرد دەردەکەی نەپەراند وە تەلاّقی ژنەکەشی نەدا و ئەمیش هەر سوور بوو لەسەر جیابونەوە ئەوە دادگا حوکم حوکم دەردەکات بە جیابونەوەیان.

7-ئەگەر مێرد بژێوی ژنەکەی نەدا بەبێ پاساوی بەجێ،دوای ئەوەی مۆڵەتی ئەو پەڕی(60)ڕۆژی پێ دەدرێ،بەپێی ئەم بڕگەیە کاتێ ژن داوای جیابونەوە تۆمار دەکات پێویستە لەسەر دادگا بژێوی کاتی بڕێتەوە بۆ ژنەکە وە مۆڵەتیش بە مێردەکە دەدرێ بۆ ماوەی (60)ڕۆژ کە نابێ لەوە زیاتربێت،وە ئەگەر مێرد پابەند بوو بە خەرجی کێشانی و بژێوی پێدا ،ئەوە ئەو کاتە داواکە ڕەد ،دەبێتەوە ،وە ئەگەر نا ئەوە حوکم دەردەچێ بە جیابونەوە،وە ئەم داوایە لە بنەڕەتدا داوای خەرجی کێشان نیە بەلاّم بڕینەوەی خەرجی کاتی بەو مەبەستەیە تا بزانرێ مێرد چەند جدیە لە خەرجی کێشانی ژنەکەی.

وە لێرەدا کوتێك دانراوە ئەویش پاساوی بەجێ یە،وە کاتێ کە مێرد هەژارو نەدار بوو وە هیچی نەبوو نەشیتوانی کاربکات بەمەبەستی بژێوی پەیداکردن بە هۆی باری تەندروستی بۆ نمونە ئەو کاتە ئەمە دادەنرێ بە پاساوی بەجێ،

8-ئەگەر نەتوانرا بژیوی بەدەست بێت لە مێرد بەهۆی دیارنەمانی یان وون بوونی یان خۆشاردنەوەی وە یان حوکم دانی بە بەندکردنی بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر.

لێرەدا سەبارەت بە بەشی یەکەمی ئەم بڕگەیە کە پەیوەندی بە دیارنەمانی مێرد هەیە وە هەروەها بە وون بوونی و خۆشاردنەوەی ، کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە ئاگادار دەکرێ بە دادبینی ،وە ژنەکە داوای جیابونەوە دەکات بەو هۆیە کە ناتوانێ بژیوی لە مێردەکەی دەست بکەوێ چونکە هیچ سامانێکی ئاشکراو دیاری نیە،وە پێویستە ژنەکە ئەمە بسەلمێنێ بە بەلگەی یاسایی باوەڕپێکراو وە دوای ئەوە سوێندیش دەخوات (یمین الاستظهار)ئینجا حوکم دەردەچێ بە جیابونەوە.

بەلاّم سەبارەت بەبەشی دووەمی بڕگەکە کە پەیوەندی هەیە بە بەندکردنی مێرد بۆ ماوەی زیاتر لە یەك ساڵ ،وە ناتوانی بژێوی لە مێردە گیراوەکەی دەست بکەوێت چونکە هیچ سامانێکی ئاشکراو دیاری نیە،خۆ ئەگەر مێردە بەندکراوەکە خەرجی دا بە ژنەکەی ئەو کاتە ماف جیابونەوەی نابێت.

9-ئەگەر مێرد خەرجی کەڵەکەبووی نەدا کە حوکمی پێ دەرچووە،پاش ئەوەی لەلایەن فەرمانگەی جێبەجێکردنەوە مۆڵەتی بۆ ماوەی ئەو پەڕی شەست ڕۆژی پێ دەدرێ.

لێرەدا مەبەست لە خەرجی کەڵەکە بوو ئەوەیە کە حوکم دەرچوە بە پابەندکردنی مێرد بە پێ دانی خەرجی بەردەوام بۆ ژنەکەی ،وە حوکمەکەش چوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە لە فەرمانگەی جێبەجێ کردن ،بەلاّم مێرد خەرجی نەداوەو حوکمەکەی جێبەجێ نەکردوە بۆ ماوەیەك وە خەرجیەکە کەڵەکە بووە لەسەری،وە یان حوکمێك دەرچوە بە پابەندکردنی مێرد بە پێدانی خەرجی کەڵەکە بوو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو،وە مێرد ئامادە نیە حەرجیەکە بدات،لەم کاتە فەرمانگەی جێبەجێ کردن مۆڵەت دادات بە مێرد بۆ ماوەی ئەو پەڕی (60)ڕۆژ، وە ئەگەر ئەم خەرجیەی دا بە ژنەکە لە کاتی دادبینی داوای جیاکردنەوەکە وە هیچ لە ئەستۆی دا نەما داواکە داواکە ڕەد دەکرێتەوە،بەلاّم بە پێچەوانەوە کە خەرجیە کەڵەکە بوەکەی نەدا لەگەڵ ئەوەدا کە مۆڵەتیشی پێ دراوە ئەو کاتە حەکم دەردەچێ بە جیابونەوە.

**دووەم**

**مادەی 43 :**

**دووەم/** ژن ماف داواکردنی جیابوونەوەی هەیە ,وە لەم حاڵەتەدا دەبێت دادگا بریاری جیابوونەوە بدات پاش ئەوەی ژنەکە مارەیی پێشەکی کە وەری گرتووە دەگەڕێنێتەوە بۆ مێردەکەی وە لەگەڵ هەموو ئەو سامان ودارایيە جێگیرەی کە بەمەبەستی هاوسەرگیری کردن خەرج کراوە.

ئەم برگەیە ئاماژە دەدات بەوە کە ژن پێش گواستنەوەی بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات ,ئەگەر مێردەکەی رەزامەند بێت یان نا گرنگ نیە,وە دادگا ئەبێت بریار بدات بە جیابوونەوە پاش ئەوەی ژنەکە مارەیی پێشەکیەکەو سەرجەم سامان و داراییەکە کە بۆ مەبەستی هاوسەرگیریەکە خەرج کراوە لەلایەن مێردەکەوە ئەگەرێنێتەوە بۆی.وەسەبارەت بەو سامان و داراییەی کە خەرج ئەکرێ بەمەبەستی هاوسەرگیری کردن مەسەلەیەکی بابەتیە وە ئەکرێ رای شارەزا وەربگیرێت لە کاتێکدا کە ژن و مێردەکە ناکۆکیان دەبێت لەسەری.وە هەروەها سەبارەت بە کەل و پەلەکان وگێرانەوەیان ئەگەر مێرد زیان نەکات دەبێت بە عینی بگەرێنرێتەوە ,بۆ نمونە وەك ئالتونەکان,بەلام سەبارەت بە جل و بەرگ و هاشیوەکانی بە پارەی نقدی ئەگەرێنرێتەوە.

وە هەروەها سەبارەت بەو دفعانەی کە دەربارەی وەرگرتنی مارەیی پێشەکیەکە سەرهەلدەدات کە ئایا ژنەکە مارەیی پێشەکیەکەی وەرگرتووە یان نا,وە یان ادعای دانپیانانی بەدرۆ,ئەوە لەم حالەتەدا ئەبێت دادگا بگەرێتەوە بۆ رێسا گشتیەکانی سەلماندن,هەروەك پێشتر لە راڤە کردنی مارەیی لەسەری رۆیشتین.

## داوای سەلماندنی هاوسەری

بۆ /بەرێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**ڕووی داواکە :**

داوالەسەرکراو هاوسەری بریگرتەمەو گواستویەتیەوە بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی عرفی کە لە دەرەوەی دادگا ئەنجام دراوە لە بەرواری / / لەسەر مارەیی پێشەکی (15) مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە - 18 – کە وەری گرتووە و مارەیی پاشەکی بر (19) مسقاڵ ئاڵتونی پلاْوتە کە لەسەر داوا کراوە بۆ کاتی مردن یان ەلاْق دان,وە ە کاتێکدا کور و کچ بوون,لەبەر ئەوە داوا ئەکەم کە دوا لەسەرکراو بانگهێشتی دادبینی بکرێ و حوکم دەربکرێ بە سەلماندنی هاوسەرگیریەکەو پابەندکردنی داوالەسەر کراو پێی و خەرجی داواو کرێی پارێزەری بخرێتە ئەستۆی.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە......**

**هۆکارەکانی سەلماندن:**

- سەرجەم بەڵگە یاسایی وشەرعیەکان.

## داوای رێگە پێدان بە تەڵاق

**بۆ / بەرێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی**

**داواکار / پیاو**

**دوا لەسەرکراو / ژن**

**رووی داواکە :**

داوالەسەرکراو هاوسەری بریگرتەمەو گواستوویەتیەوە بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی ژمارە ( /4/ )کە لە بەرواری / / لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە,بەلاَم بەهۆی بوونی ناکۆکی و نەگونجان لە نێوانیاندا ژیانی هاوسەرییان لێ تاڵ بووە,لەبەر ئەوە بریگرتەم دەیەوێ لەبەردەم دادگادا ەلأقی داوالەسەر کراوی هاوسەری بدات, وە بۆیە داوا دەکەم کە داوا لەسەرکراو بانگهێشت بکرێ بۆ دادبینی وە پاشان رێگە بدرێ بە بریگرتەم کە تەلاَقی بدات حوکم دەربکرێت بە کەوتنی تەلاَقی بریگرتەم لە داوالەسەر کراوی هاوسەری.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە**......

**هۆکارەکانی سەلماندن :**

**- گرێبەندی هاوسەری.**

**- سەرجەم بەڵگە یاسایی وشەرعیەکان.**

## داوای پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی

### بۆ /بەڕێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**ڕووی داواکە :**

داوالەسەرکراو هاوسەری بریگرتەمەو گواستوویەتییەوە بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی ژمارە /ع/ کە لە بەرواری / / لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە, بەلاّم بەهۆی کێشەو ناکۆکی داواکاری بریگرتەم لە دەرەوەی دادگا لە بەرواری / / داوالەسەر کراوی هاوسەری تەلاّق داوە وە ڕوبەڕووی خۆی پێی ووتووە (هاوسەرەکەم ............یەك تەلاّقت کەوتبێ کە تەلاّقێکی رەجعییە) وە ئەویش لە کاتێکدا کە بیرو هۆشی لای خۆی بووە و زۆری کەسی لەسەر نەبووە.

لەبەر ئەوە داواکارم کە داوالەسەر کراو بانگهێشت بکرێ بۆ دادبینی و پاشان حوکم دەربکرێ بە پەسەند کردنی تەلاّقە دەرەکیەکە.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە......**

**هۆکارەکانی سەلماندن:**

**- گرێبەندی هاوسەری.**

**- سەرجەم بەلگە یاسایی وشەرعیەکان.**

**داوای جیابوونەوە بەهۆی ناکۆکی و نەگونجان**

**بۆ /بەڕێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی**

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**رووی داواکە :**

داوالەسەرکراو هاوسەری بریگرتەمەو گواستوویەتییەوە بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی ژمارە ( /ع/ )کە لە بەرواری / / لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە لەسەر مارەیی پێشەکی (15) مسقالٚ ئالتونی عەیارە -18 – ە وەری گرتووە و مارەیی پاشەکی (19) مسقالٚ ئالتونی پالأوتە,بەلأم بەهۆی بوونی ناکۆکی و نەگونجان لە نێوانیاندا وە رەفتار خراپی داوالەسەر کراو لەگەلٚ بریگرتەم بە لێدانی بەردەوام و سوکایەتی پیٚ کردن و ئاراستەکردنی ووتەی ناشرین و رێزنەگرتنی ژیانی هاوسەری ئەستەم و تالٚ بووە. لەبەر ئەوە داوا لە دادگا ئەکەم کە بانگهێشتی داوالەسەر کراو بکریٚ بۆ دادبینی کردن وپاشان حوکم دەربکریٚ بە جیابوونەوەیان بە هۆکاریناکۆکی و نەگونجان. وە خەرجی داوا و کرێی پارێزەری بخرێتە ئەستۆی داوالەسەرکراو.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە**......

**هۆکارەکانی سەلماندن :**

- **گرێبەندی هاوسەری.**
- **سەرجەم بەلگە یاسایی وشەرعیەکان.**

## ﴿چەند نموونەیەك لسەر تیانوسی داوا﴾

### داواکاری خەرجی ژن لەسەر مێردەکەی
### بۆ /بەڕێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**ڕووی داواکە :**

داوالەسەرکراو هاوسەری بریگرتەمەو گواستوویەتییەوە بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی ژمارە ( /ع / ) کە لە بەرواری / / لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە ,بەلاّم داوالەسەر کراو لە بەرواری / / بریگرتەمی دەرکردووە لە مالّی هاوسەری,وە لەو کاتەوە خەرجی نەکێشاوە .لە بەر ئەوە داوا لە دادگا ئەکەم کە بانگهێشتی داوالەسەر کراو بکرێ بۆ دادبینی کردن وپاشان حوکم دەربکرێ بە پابەندکردنی بە پێدانی خەرجی رابوردوو و بەردەوام بە هەموو جۆەکانیەوە.وە هەروەها پابەندکردنی بە خەرجی کاتی بۆ بریگرتەم تا ئەنجامی داواکە پشت بەستن بە مادەی (31) لە یاسای باری کەسی خەرجی داوا و کرێی پارێزەری بخرێتە سەر داوالەسەرکراو.....لەگەڵ رێزدا.

**لەبری داواکار**
**پارێزەر /**
**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە......**

**هۆکارەکانی سەلماندن :**

- **گرێبەندی هاوسەری.**
- **سەرجەم بەلّگە یاسایی وشەرعیەکان.**

**تێبینی:** وە ئەکرێ هەر لەم تیاوسەدا داوای خەرجی منالّیش بکرێ.وە ئەو کاتە پێویستە پێناسی منالّەکانیش بخرێتە ریزبەندی هۆکارەکانی سەلماندن.

**داوکاری خەرجی عدە**

**بۆ /بەرێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی**

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**رووی داواکە :**

داوا لەسەرکراو تەلاّق دەری بریگرتەمە بەپێی بریاری حوکمی تەلاّقی ژمارە /ش/008 کە لە بەرواری / /2008 لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە , وە لەبەر ئەوەی داوالەسەر کراو خەرجی عدەی بریگرتەمی نەداوە,داوا لە دادگا دەکەم داوا لەسەرکراو بانگهێشت بکرێ بۆ دادبینی وە حوکم دەربکرێت بە پابەند کردنی بە پێدانی خەرجی عدە بۆ بریگرتەم. خەرجی داوا و کرێی پارێزەری بخرێتە ئەستۆی.....

**لەگەڵ رێزدا.**

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە......**

**هۆکارەکانی سەلماندن:**

- **بریاری حوکمی تەلاّق.**
- **سەرجەم بەڵگە یاساییەکانی تر.**

## داواکاری کرێی بەخێوکردن

### بۆ /بەرێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**ڕووی داواکە :**

داوا لەسەرکراو تەلاق دەری بریگرتەمە بەپێی بریاری حوکمی تەلاقی ژمارە /ش/ کە لە بەرواری / /2008 لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە ,وە لەجێگەی هاوسەری دوو منداڵیان بووە بەناوەکانی ( ) لە دایك بووی / / ( ), )لە دایك بووی / / وە ئێستا هەردوو منالەکە لە باوەشی بریگرتەمدان وئەو چاودێریان دەکات, وە لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە داوا لەسەرکراو بانگهێشت بکرێ بۆ دادبینی وە حوکم دەربکرێت بە پابەند کردنی داوالەسەر کراو بە پێدانی کرێی دایەنی هەردوو منالەکە بۆ بریگرتەم و خەرجی داواو کرێی پارێزەری بخرێتە سەری.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە......**

**هۆکارەکانی سەلماندن :**

- **بریاری حوکمی تەلاق.**
- **پێناسی منداڵەکان.**
- **سەجەم بەڵگە یاساییەکانی تر.**

**تێبینی : دەکرێ لە داوای کرێی دایەنی داوای خەرجی منالیش بکرێ.**

**داوای زیادکردنی خەرجی منال ۆ کرێی دایەنی**

**بۆ /بەرێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی**

**داواکار /**

**دوا لەسەرکراو /**

**رووی داواکە :**

داوا لەسـەرکراو تـەلاق دەری بریگرتـەمـە بـەپێی بریـاری حـوکمی تـەلاقی ژمـارە /ش/ کە لـە بەرواری / /2008 لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە ,وە لەجێگـەی هاوسـەری یـەك منـداڵی هەیـە بەناوی () لە دایك بووی / / وە ئێستا لە باوەشی مندایەو پێشتر حـوکم دەرچـووە بـە برینـەوەی خەرجی بۆی وە هەروەها بە کرێی دایەنی لـە داوای ژمـارە /ش/ ,وە لەبـەر ئـەوەی منداڵەکـە ئێسـتا گەورە بووە و چۆتە قوتابخانە و خەرجی زیاتری دەوێت وە جگـە لەمـەش گۆرانکـاری لـە بـواری ئـابووری رووی داوە نـرخی هەموو شتێك بەرز بووەتـەوە,وە داهـاتی داوالەسـەر کـراویش زیـادی کـردووە,وە لەبـەر ئەوە داوا دەکەم کە داوا لەسەرکراو بانگهێشت بکرێ بۆ دادبینی وە حوکم دەربکرێت بە پابەنـد کردنـی بە زیادکردنی خەرجی منداڵەکەو رێ دایەنی..لەگەڵ رێزدا.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە**......

**هۆکارەکانی سەلماندن :**

- **بریاری حوکمی نەفەقە.**
- **پێناسی منداڵەکە.**
- **سەجەم بەڵگە یاساییەکانی تر.**

**داوای گوێڕایەڵی**

**بۆ / بەرێز دادوەری دادگای باری کەسێتی سلێمانی**

**داواکار / پیاو**

**دوا لەسەرکراو / ژن**

**ڕووی داواکە :**

داوالەسەرکراو هاوسەری بریگرتەمەو واستوویەتییەوە بەپێی گرێبەندی هاوسەرێتی ژمارە /ش/ کە لە بەرواری / / لە دادگا بەرێزەکەتان دەرچووە ,وە لەبەر ئەوەی داوا لەسەرکراو بەبێ ئیزن و ئاگاداری بریگرتەم و بێ هیچ پاساوێکی شەرعی ماڵی هاوسەری بەجێهێشتووە و هەرچەندە بریگرتەم داوای لێکردووە و خەڵکی ناردووە بەدوایدا کە بگەرێتەوە بۆ ماڵی هاوسەری,بەڵام بێسود بووە وە سوورە لەسەر نەگەڕانەوە,لەبەر ئەوە داوا لەدادگا ئەکەم بانگێشتی دادبینی بکات و پاشان حوکم دەربکات بە پابەند کردنی بە گوێرایەڵی کردنی لە ماڵی هاوسەری لە سلێمانی لە گەرکی برایم پاشا,وە خەرجی داواو کرێی پارێزەریشی بخرێتە ئەستۆی.

**لەبری داواکار**

**پارێزەر /**

**بە پێی بریکارنامەی گشتی ژمارە......**

**هۆکارەکانی سەلماندن :**

- **گرێبەندی هاوسەری.**
- **سەجەم بەڵگە یاساییەکانی تر.**